


September : 2013 گۆڤاری یەکبوون ژمارە : ۴۲ ڕەزبەری : ۲۷۱۳



لەم ژمارە یە دا :

* جێگیر بوونی نەتەوایەتی کورد ! ................. نووسینی شەهید دوکتور قاسملوو .......... ۲

* کوردەکان مافی خۆیانە لانیکەم دەوڵەتەتیان هەبێت ... د. ژاک نێرپیاح ... لە ئینگلیزییەوە مەسعوود مەناف... ۴

* کورد و ئایین و دەوڵەت....................... دوکتور عەبدوڵلا ئەبریشەمی ............... ۷

* کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهید مەلا ئاوارە ( مەلا ئەحمەد شڵماشی) ....... ئامادە کردنی رەحمان نەقشی ...... ۱۰

* رق لە سیاسەت ................. مەریوان وریا قانیع ......................... ۱۲

* مۆسیقای کوردیی و فەرهەنگی کوردەکان ............................ ئایاکو تاتسومرا ............... ۱۳

* دۆخی ژنانی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان، پرسەکانی ئازادی و ڕێگا چارەکان ..................... ۱۸

* ڕۆژژمێری مانگی ڕەزبەری ۲۷۱۳ی کوردی ............ ئامادە کردنی رەحمان نەقشی .............. ۲۴

# جێگیر بوونی نەتەوایەتی کورد !

نووسینی : شەهید دوکتور قاسملوو

ئایا دەتوانین بڵێین کورد نەتەوەیە؟ ئایا باشتر نیە کورد بە کەمایەتی نەتەوایەتی دابنێین؟ با لە نیزیکەوە لەم دوو پرسیار وردبیینەوە.

زۆر جار [ نەتەوە ] مانایەکی ڕاست و دروستی لێ نەدراوەتەوە، بەڵام زانستی نوێ سنوورێکی ڕاست بۆ نێوەڕۆکی ئەم مانایە دەداتە دەست. نەتەوە خەڵکێکە کە لە ڕەوتی مێژوو دا پەیدا بووە و سەقامگیر بووە. کۆمەڵە خەڵکێک تەنیا پاش قۆناغێکی دیاری کراوی پێگەیشتن دەبێتە نەتەوە ڕاستی یەکەشی ئەوەیە کە بناخەی نەتەوەکانی سەردمی ئێمە بە گەشە کردنی سەرمایەوە بەندە و ئەو نەتەوانە لە گەڵ گەشە کردنی سەرمایەداری دا سەقامگیر دەبن. دیارە ریشەی پێگەیشتنی ئەو نەتەوانە بۆ سەر شێوەکانی پێشووی کۆمەڵ لە قۆناغی کویلەتی و قۆناخی دەرەبەگایەتی دا دەگەڕێتەوە. لە گەڵ ئەوەش دا بۆ ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێک بە نەتەوە دابنرێ، هێندێک شەرتی دیکە پێویستن کە لە هەموویان گرنگتر زمانی هاوبەش و خاکی هاوبەش و ژیانی هاوبەش و ژیانی ئابووری هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەشە کە لە ژیانی فەرهەنگیی نەتەوە دا خۆی دەنوێنێ.




باسی ئەوەمان کرد کورد کۆمەڵە خەلکیکی خاوەن مێژووییە و لەسەدەی حەوتەمەوە بەو ناوە ناسراوە ئێستا بزانین ئەو سروشتە تایبەتی یانە چین کە کورد دەکەنە نەتەوەیەکی سەربەخۆ"؟

وەک لە پێشەوە گوتمان زمانی کوردی زمانی هاوبەشی هەموو کوردەکانە و بوونی جیاوازی یەکی کەم لە نێوان شێوەکانی دا هێچ لەو ڕاستی یە ناگۆڕێ، چونکە شێوەی جۆراوجۆر تەنانەت لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانیش داماوە. دیارە ئەوە کە تا ئێستا زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو بۆ کورد پێک نەهاتووە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. بەڵام ئەمە هۆی ئەوە نیە کە گۆیا زمانی کوردی هێشتا ئەوەندە پێش نەکەوتووە و لەبەر ئەوەش نیە کە گۆیا وەک هێندێک دەڵێن شێوەیەکی زمانی فارسی یە. چونکە هێچ ڕۆژهەڵات ناسێکی بەناوبانگ لەوە دا گۆمانی نیە کە زمانی کوردی بەڕادەی پێویست پێشکەوتووە. یەکەم کتێبی ڕێزمانی کوردی ساڵی ١٦٨٧ دەرچووە. کەوابوو. نەبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو پێش هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە نووسینێکی یەکگرتوومان نەبووە. هەروەک لەوە پێش گوتمان کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی و رووسی دەنووسرێ و هۆیەکەشی ئەوەیە کە نەتەوەی کورد لە نێوان چەند وڵات دابەش کراوە و لە زۆربەی ئەو وڵاتانە دا خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی قەدەغە بووە. کەوابوو، لە باری مێژوویی یەوە لانی کەمی وەخت و دەرتان پێویستە بۆ ئەوەی نووسنێکی یەکگرتوو و زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی پێک بێ. بەم جۆرە نەتیجە وەردەگرین کە نەتەوەی کورد زمانی هاوبەشی هەیە کە یەکیکە لەو سروشتانەی هەموو نەتەوەیەک لێک جیا دەکەنەوە.

هێچ کەس گۆمانی لەو دانیە کە کورد خاکی هاوبەشی هەیە، چونکە لە ڕۆژگارێکی یەکجار کۆنەوە کوردستان بە خاکی کورد ناسراوە کە هەزاران ساڵە لە کەژ و کێو و پێدەشتەکانی دا دەژێ. لەت لەت بوونی کوردستان بە هۆی سنووری سیاسیی یەکانیش لە نێو چەند وڵاتان دا هێچ لەو ڕاستی یە ناگۆڕێ.

لەباری ژیانی ئابووری هاوبەشەوە وەک ئەوەی لە وڵاتێکی وەک فەرانسە یا ئیتالیا هەیە، نابینرێ. لەو بارەوە تەنانەت لە نێوان کورد و تورکێش دا جیاوازی هەیە، چونکە تورکەکان لەبارەوە لە کورد زیاتر پێشکەوتوون، هۆی ئەوەش کزیی گەشەکردنی سەرمایەداری یە لە کوردستان دا و هۆیەکی تریش ئەوەیە کە کوردستان لەت لەت کراوە و بەکردەوە هێندێک بەش لە بەشەکانی دیکە جیابوونەوە، هەروەک لە نێوخۆی هەرکام لەو وڵاتانەش دا کوردستان دابەش کراوە، دیارە هەموو ئەوانە دەبنە کۆسپی پێک هاتنی ژیانێکی ئابووری هاوبەش، بۆ نموونە کوردستانی ئێران کراوەتە سێ بەش : بەشی شێمال کە بەرەسمی بە [ ئۆستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا ] ناوی دەبرێ، بەشی نیوەڕاست کە بەرەسمی پێی دەڵێن [ ئۆستانی کوردستان ] و بەشی جنووبی کە بەرەسمی بە [ ئۆستانی کرماشان ] دەناسرێ. ئەودەم تەنانەت تاقە ڕێگایەکی باشیش نیە کە بەشەکانی کوردستان بەیەکەوە گرێ بدا و زستانان لە نێوان سەقز و سنە دا هاتوو چۆ نامێنێ، کە ئەمەش مانای ئەوەیە بەشی جنووبی کوردستانی ئێران بە تەواوی لە بەشی شێمالی دادەبڕێ.


سەرەڕای هەمووی ئەوانەش، پێشکەوتنی پێوەندی یەکانی سەرمایەداری و ئەو جیاوازی یەی لە نێوان گوندنێشنەکان دا پەیدا بووە و پێگەیشتنی شارەکان و بەربڵاو بوونی بازرگانی و هاتوو چۆ هەموویان دەبنە هۆی سەقامگیر بوونی نەتەوەی کورد.

ئەمە وادەگەیەنی کە ئەگەر ناتوانین بڵێین ژیانی ئابووریی یەکگرتووی تەواو لە کوردستان دا هەیە. ناش توانین بڵیین ژیانی ئابووری هاوبەش نیە. ئێمە لەمەوبەر گوتمان کە

بە پێچەوانەی ئەو سنوورە دەسکردانە، کوردەکان پێوەندی یەکی ئابووری بەربڵاویان پێکەوە هەیە، وەک کوردی ئێران و عێراق، بێجگە لەوانەش یەکیەتیی ژیانی ئابووری شتێکی نیسبی یە و نەتەوکانی دەوروبەری کوردیش [ وەک فارس، تورک و عەرەب و ئازەربایجان ] هەر وەک کوردن. ئەوانیش لە هێندێک جێگا یەکیەتیی ئابووری یان بە هێزە و لە هێندێکی تر لاوازە. یەکیەتیی ئابووری نەتەوەکانی قەفقازیش ناتەواوە بوو، و هی نەتەوەکانی ئاسیای نێوەڕاست لە رووسیا هەر شوێنەواری نەبوو، کەچی ئەوە نەبوو بە کۆسپ بۆ ئەوەی لە دوا رۆژ دا ببن بە نەتەوەی سۆسیالیستی سەربەخۆ.

خوو و ڕەوشتی هاوبەشی کوردەکان بە گشتی شتێکی سەلمێندراوە هەموو رۆژهەڵات ناسەکان و ئەو کەسانەی کە خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کورد تەرخان کردوە، لەوە دا یەکدەنگن کە کورد لە هەموو نەتەوەکانی دەوروپشتی خۆی جیایەو کوردەکان فەرهەنگی خۆیان پاراستووە و لە نێو هێچ کۆمەڵێکی رەگەزی و زمانیی دیکە دا نەتواونەوە. خەباتی بەر درێژی کورد لە پێناوی پاراستنی بوونی نەتەوایەتیی خۆی دا هەمیشە بۆتە هۆی جێگیر بوونی خوو و ڕەوشتی هاوبەش و فەرهەنگی نەتەوایەتیی کورد. پێویستە بگوترێ کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بە تایبەتی لەسەردەمی کۆماری دێموکڕاتی کوردستان دا هەستی نەتەوایەتی لە نێو کورد دا زۆر بەهێز بووە.

بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتیی کورد هەروا درێژەی هەبووە و لە پاش شۆڕشی ژووئیەی ساڵی ١٩٥٨ عێراق زیاتر بەهێز بووە. ئێستا لە کوردستانی عێراق چەند رۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەردەچن. لە ئێران و عێراق چەند ئیزگەی رادیۆ بە کوردی کراوتەوە کە هەر چەند ئیزگەکانی ئێران بەرنامە بە قازانجی گەلی کورد بڵاو ناکەنەوە بەڵام ئێستاش تاڕادەیەک یارمەتیی گەشە کردنی زمانی کوردی و فەرهەنگی واتە ئەدەب و مۆسیقا دەکەن.




ئەوەش گرنگە کە بگوترێ سەقامگیر بوونی ئەو نەتەوانە کە باری ئابووریەوە، دواکەوتوون پێوەندی یەکی زۆری بە خەباتی دژی ئیمپریالیستی ئەوە هەیە و نەتەوەی کوردیش لە کارەساتی خەباتی دژی ئیمپریالیستی و زۆرداریی نەتەوایەتی دا کە لە لایە حکوومەتی مەرکەزی یەکانی تورکیا و ئێرانەوە تووشی بووە، ریشە دادەکوتی.

هاوبەشی ئایینیش یەکێک لەو هۆیانە بووە کە پێگەیشتنی نەتەوەی کوردی وەدوا خستبووە. چونکە ئیسلام وەک ئایینی هاوبەشی گەلانی موسوڵمان کراوەتە پەرەدیەک بۆ داپۆشینی زۆڵم و زۆری نەتەوایەتیی خەلیفەکانی بەغدا و پاشان سوڵتانەکانی عوسمانی ئەوانیش نەخشی خەلیفەیان یارێ کردوە.

بۆ نموونە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی دا کوردەکان دەرفەتێکی باشیان بۆ رێ کەوت کە لە پێناوی مافی نەتەوایەتیی و مافی چارە نووس دا خەبات بکەن. بەڵام بەناوی غەزاوە فریویان دان و زۆڵم و زۆری نەتەوایەتیی تورکەکانیان بۆ ماوەیەک لە بیر بردنەوە.

ئەو ڕاستە کە ئایین یەکێک لە دیارەکانی نەتەوە نیە، بەڵام دەتوانین تەئسیری ئایین لەسەر سەقامگیر بوونی نەتەوایەتیی کورد لەو نموونەیەی خوارەوە دا تەماشا بکەین! لە گەڵ ئەوەی ناوچەی کرماشان لە باری ئابووری و کۆمەڵاتی یەوە زیاتر پێش کەوتووە، جووڵانەوەی نەتەوایەتی لە مەهاباد زۆر بەهێزترە، چونکە کوردەکانی مەهاباد سونینن و کوردی کرماشان وەک فارسەکان شیعەن. جیاوازیی مەزهەب لە مەهاباد دەبێتە هۆی ئەوە کە زۆڵم زۆری نەتەوایەتی لە مەهاباد ئاشکراتر خۆی بنوێنێ و ئەوەش هەستی بەرهەڵستی کوردکان زیاد دەکا و لە ئەنجام دا دەبێتە هۆی بەهێز بوونی هەستی نەتەوایەتی.

دیارە دابەش بوونی کوردستان لە نێوان چەند وڵاتیش دا کۆسپێکی دیکەی رێگای سەقام گیر بوونی نەتەوایەتیی کوردە و پێویستە ئەو هۆیەش بەکەم نەگرین کە تا ئێستاش رولی خۆی لەو بارەیەوە یاری دەکا.

هۆیەکی نالەباری تریش پێوەندی عەشیرەتگەری و دەربەگایەتی یە کە تا ئێستاش لە گورێ دا ماوە، بەڵام ئەو پێوەندی یانە بەرەبەرە لە ئەنجامی گەشە کردنی بازاری نێوخۆیی و پەیدا بوونی پێوەندی یەکانی سەرمایەداری لە لادێی کوردستان دا بێ بایەخ دەبن.

لەوەڕا نەتیجە وەردەگرین کە جێگیر بوونی نەتەوایەتیی کورد لە هەلومەرجی ئێستا دا مووەکین نیە، بەڵام ئەوە هێچ جۆر بەو مانایە نیە کە بتوانین حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد بکەین کە رۆژ بە رۆژ گەشە دەکا و سەقامگیر دەبێ.

کەوا بوو، هێچ شەرتێکی پێویستی نەتەوە بوون نیە کە لە نەتەوەی کورد دا نەبێ، بۆیە دەتوانین هەروەک باسی نەتەوەکانی تر دەکەین باسی نەتەوەی کوردیش بکەین، چونکە سێ هۆی گرنگ و بنەڕەتی بوونی نەتەوە کە بریتیین لە : زمانی هاوبەش ، خاکی هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەش بە تەواوی لە کورد داهەن و ژیانی ئابووریی هاوبەشیش زۆر وەخت بە شەرتێکی گرنگی نەتەوە دانانرێ، کە واتە دەتوانین کوردیش وەک یەکێک لە نەتەوەکانی تری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابنێین کە ئێستا بە قوناخی پێگەیشتنی نەتەوایەتی دا تێ دەپەڕێ.

سەرچاوە : کتێبی کوردستان و کورد، نووسینی شەهید دوکتور قاسملوو

تێبینی : ئەو هەڵسەنگاندن و شی کردنەوەیە پێش زیاتر لە ٤٠ ساڵ نووسراوە.

# کوردەکان مافی خۆیانە لانیکەم یەک دەوڵەتیان هەبێت



نووسینی: د. ژاک نێرییاح*


لە ئینگلیزییەوە: مەسعوود مەناف

ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لەم دواییانە دا ڕایگەیاند کە لە ناوەڕاستی مانگی جولای ٢٠١٢ و لە ئەنجامی لاوازتر بوونی ڕەژیمی بەشار ئەسەد، چەندین شار وەک عامووده و کۆبانی لە ناوچە کوردییەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، بە بێ شەڕ، کەوتۆتە دەستی گرووپێکی خۆجێی بە ناوی "ئەرتەشی ئازادی کوردان". ئەوەش یەکەم جارە کە لە مێژووی هاوچەرخی کورد دا، کە ناوچەیەکی کوردی دۆرپێچکراو بە خەڵکانی بێگانە، ڕێک لە سەر سنووری تورکیا، دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی کورد.

وادیارە کوردەکان -کە تا ئەمڕۆ، خۆیان لە کەناری شۆڕشی سووریا ڕاگرتبوو- کەوتبنە جووڵە بۆ ئەوەی هەلەکە بقۆزنەوە و ئەو شار و ناوچانەی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن، بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان.

ئەرتەشی ئازادی کوردی، لە لایەن "پارتی یەکێتی دیمۆکراتیک" سازمان درابوو. ڕێکخراوەیەک کە بە هەبوونی پێوەندی مێژوویی بە "پارتی کرێکارانی کوردستان"ەوە دەناسرێت. پەکەکە، وەک دەزانن، هەمان ڕێکخراوەیە کە دژ بە حکومەتی ئانکارا شەڕ دەکا تا خودموختاری بۆ کوردەکانی تورکیا دەستەبەر بکات بەڵام، ئێستاکە لە لایەن تورکیا و ئەمریکاوە خراوەتە ناو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان.

وادیارە کوردەکان، خەریکی چڕترکردنەوەی هەوڵەکانیانن بۆ ئەوەی کە کۆنترۆڵی "قامیشلوو" گەورەترین شاری کوردستان لە سووریا، بگرنە دەست. لە پارێزگای حەڵەب، کوردەکان کۆبانیان لە دەست دایە و هەر ئێستا ئاڵای کوردستان لە شارەکە دەشەکێتەوە.




تورکەکان، کە چەند دەیەی ڕابردوو، شەڕی پەکەکەیان کردووە، بە وردی و هاوکات بە نیگەرانییەوە بەدواداچوونی ئاڵووگۆڕەکانی سووریا و پێشهاتەکانی سەر سنووری وڵاتەکەیان دەکەن. بە گوێرەی گۆشەنووسێکی ڕۆژنامەی حوڕیەت چاپی ئانکارا "تورکیا چەند هەفتە بەر لەمە، تەنیا ٤٠٠ کیلۆمیتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ کوردستان هەبوو و ئێستا دەبێ ٨٠٠ کیلۆمیتری دیکەشی پێوە زیاد بکەین"!.

دوابەدوایی ئەوەی کە کوردەکان کۆنترۆڵی بەشێک لە کوردستانی سووریایان گرتە دەست، تورکیا بە ئاشکرا هۆشداری پێیان دا و وتی: ئێمە ئیزن نادەین کە گرووپێکی تیرۆریستی، بنکەیەک لە باکووری سووریا بکاتەوە و لەوێوە هەڕەشە لە تورکیا بکات". سەرۆک وەزیر "ئەردۆغان"یش بە وتی کە ئەوان ئەگەر هەست بە مەترسییەک بکەن، ئەوە هەنگاوی پێویست هەڵدێننەوە.

چاودێرانی سیاسی تورک لە سەر ئەو باوەڕەن کە نەخشەی ژێئۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەریکە گۆڕانی بە سەر دادێت و ناکرێ چیتر "کوردستانی مەزن" وەک خەونێکی دوور بزانرێ، هەرچەند ئەو یەکەش دەبێتە ورووژاندنی٤ وڵاتی تورکیا، عێراق، سووریا و ئێران. وڵاتانێک کە زۆرترین هەژماری دانیشتوانی کوردیان لێ دەژی. چوار کوردستان، کە هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەیان، دەبێتە هۆی تەقینەوەی گڕکانی کێشە و ئاڵۆزییەکی چاوەڕوانکراو، لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوین.

ڕەوشی ئێستا، دەرفەتێکی باشی بۆ پشتیوانی کوردستانی عێراق لە خواستی ئۆتۆنۆمی کوردەکانی سووریا خوڵقاندووە. بەڵام توانای کاریگەربوون لەو بشێوییە، لە دەست کەسێک دا دەبێت کە بتوانێ سنووری سێ وڵاتی عێراق، سووریا و تورکیا کۆنترۆڵ بکات. ئەو ناوچە [ڕۆژئاوای کوردستان] دەتوانێ لە لایەن ئێرانەوە وەک داڵانێکی گەیاندنی یارمەتی بە سووریایی دۆرپێچکراو و تەنانەت حیزبوڵای لوبنان کەڵکی لێوەرگیرێ. هەر بەم هۆکارانەشە کە هەندێک چاودێر، کوردستان وەک هەرێمی هەرە گرینگ و کێشەساز لە ڕۆژهەڵاتی ناوینی نوێ دەبینن.

ئاوڕدانەوەیەک لە کوردەکان و کوردستان، مومکینە یارمەتیدەرێکی باش، بۆ تێگەیشتن لەو پێشهاتە چاوەڕوانکراوانەی ناوچەکە بێت.

## کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوینی ئەمڕۆ دا

* کوردەکان، خەڵکانێکی هیندو ئەورووپایین کە هەر وەک ئێرانییەکان، کۆچیان کردۆتە ڕۆژهەڵاتی ناوین. خەڵکانێک کە جوگرافیایەک ناسراو بە "کوردستان" دەژین کە ئێستا بەشێکە لە وڵاتانی تورکیا، عێراق، ئێران و سووریا. لە سەتا ٧ی حەشیمەتی ئێران، ١٥ تا ٢٠ لە سەتی حەشیمەتی عێراق، لە سەتا ٩ی سووریا و ٢٠ لە سەتی حەشیمەتی

تورکیا لە کوردەکان پێکهاتووە. جگە لە ئێران، لە سێ وڵاتەکەی تر، کوردەکان، وەک گەورەترین ئێتنیک گرووپ پێناسە کراون. نزیک بە ٥٧ لە سەتی کوردەکانی دنیا لە تورکیا دەژین و لە سەتا ١٨ یان لە عێراق و ئێران و شتێک نزیک بە ٥ لە سەت، لە چوارچێوەی سنوورەکانی سووریا دا دەژین.

* هەژماری ئەو کوردانەی کە لە باکووری ڕۆژئاوای ئاسیا دەژین دەگاتە ٢٦ تا ٣٤ میلیۆن کەس و یەک تا دوو میلیۆن کەسیشیان لە دیاسپۆرا دەژین. کوردەکان پاش، عەرەب، فارس و تورک، گەورەترین ئێتنیک-گرووپی نیشتەجێی ڕۆژهەڵاتی ناوینن.

* بەم هۆیە کە زیاترین ڕێژەی کوردان لە تورکیا دەژین، دەبێ کێشەی سەربەخۆیی کورد، لەو پارچە جیاوازتر لە سووریا، عێراق و ئێران بخرێتە بەر باس و گفتگۆ. ئەگەرچی پێوەندی نێوان تورکیا و ئیسرائیل لە سەردەمی دەسەڵاتداری سەرۆک وەزیر "ئەردۆغان"، پاشگەردانییەک بەخۆیەوە دەبینێ بەڵام سیاسەتی ئیسرائیل، دەبێ لە سەر بنەمای ستراتێژی هاوپەیمانی تورکیا-ئیسرائیل سەر لە نوێ بنیات بنرێتەوە. سەرەڕای ئەوەش، سیاسەتی ئیسرائیل لە هەمبەر کورد، نابێ وەک دژایەتی لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی تورکیا ببینرێ و یا لێکدانەوەیەکی ئەوتۆی بۆ بکرێ.

* چاوەڕوانکراوترین بەربژێری ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی "حکومەتی هەرێمی کوردستان" لە باکووری عێراقە. کێشەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراق و بە تایبەت لە سەر گرێبەستە نەوتییەکان، لەم دواییانە و بە شێوەیەکی بەردەوام قووڵتر بۆتەوە. ڕێبەرانی کوردستانی عێراق سەرەتای ٢٠١٢ هەڕەشەیان کردبوو کە ئەگەر بێت و کێشەکانیان لەگەڵ بەغدا چارەسەر نەبێت، سەربەخۆیی ڕادەگەیەنن. لە لایەکی ترەوە، حکومەتی ناوەندی عێراق بە سەرۆکایەتی "نووری مالکی"، پشتیوانی لە ڕەژیمی سووریا دەکات بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان، پشتیوانی لە کوردەکانی دژبەری ئەسەد دەکات. بەم هۆکارانەش، پێوەندییەکانی بەغدا و هەولێر، ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵۆزی زیاتری بەخوە بینیوە.

* تورکیا کە پێشووتر، مەزنترین ئاستەنگ و بەربەست لەبەردەم کوردەکانی عێراق بوو، ئێستاکە بۆتە هێزی بێ ڕکەبەری بیانی لە ئابووری هەرێمی کوردستان دا. چەند گەڵاڵە بۆ سازکردنی هێڵی گواستنەوەی نەوتی کوردستان لە خاکی تورکیا، پێشکەش کراوە و وادیارە کە نارەزایەتی و دژایەتی پێشووی تورکیا لە هەمبەر سەربەخۆیی "هەرێمی کوردستان" کاڵ بۆتەوە و بە گشتی، هەستیارییەکی لەو چەشنە، خەریکە بە تەواوی لەناو دەچێت. هەڵبەت بە دووریش نازانرێ کە تورکیا بە هۆی پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کوردەکانی سووریا[بە تایبەت گرووپێک کە نزیک لە پەکەکە و دژ بە تورکیایە]، پێداچوونەوە بە سەر سیاسەتەکانی دا بکات.

* دامەزرانی کوردستانێکی سەربەخۆ لە باکووری عێراق، دەتوانێ بۆ ئیسرائیل، پێشکەوتنێکی ژێئۆپۆلیتیکی پۆزەتیڤ بێت. بەم شێوە، دادپەروەرییەکی مێژوویش دێتە دی چونکە ئەو کات، گەلی ٣٥ میلیۆنی کورد، لە ڕۆژهەڵاتی ناوینێک دا، کە ٢٢ وڵاتی عەرەبی لێیە، مافی ئەوە بەدەست دێنێ کە لانیکەم دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبێت. جگە لە عێراق، هەل و مەرجی وڵاتانی تر، بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ گونجاو نییە. سیستمی دەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، لە بەرانبەر بەهاری عەرەبی خۆی گرتووە. سووریا مومکینە ببێتە دەوڵەتێکی فێدراڵ بەڵام ئەگەری ئەوەی کە تێکبڕووخێ و بە تەواوی لەناو بچێ کەمە.

کێشەی کورد، زۆر وڵاتی ڕۆژئاوایی خستۆتە ناو پۆزیسیۆنێکی دووڕوویانەوە. بە تایبەت لە بواری ئەو گرینگییەکی کە بە کێشەی فەلەستینی دەدەن و بە کێشەی کوردی نادەن. میلیۆنەها کورد لە وڵاتانی تورکیا، سووریا، ئێران و ئەرمەنستان بڵاوبوونەوەتەوە، بێ ئەوەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان پێدرابێ. مافێک کە پاش شەری یەکەمی جیهانییەوە، بۆ کورد گارانتی کراوە بەڵام هەرگیز پێیان ڕەوا نەبینراوە. ئەمڕۆکە کورد، گەورەترین نەتەوەی جیهانە کە خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە.

سەرەڕای ئەوەش، ئامانجی دوارۆژی زۆربەی کوردەکان، سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیانە، ئەگەرچی یەکگرتووییەکی ئەوتۆیان نییە. لەو چەند دەیەی ڕابردوو دا، کورد خەساری زۆری لە ململانێی عەشیرەیی، بنەماڵەیی و گرووپی، لەو وڵاتانە دا دیتووە کە کوردیان بەسەر دابەشکراوە.

زمانی کوردیش، کە هەری کەم ٤ زاراوەی سەرەکی هەیە، بۆتە دابەشکردنی زیاتری کوردەکان. کورد تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، لە مێژوو هیچ فێر نەبوونە بۆیە کە نازانێ، ئەو پەرتەوازەیی و دابەشبوونەی، گەورەتر لەو سرئێشەیە کە دەتوانێ بە یەکیان گرێ بداتەوە. جگە لەوەش کە بە هەبوونی دوژمنگەلێک وەک ئێران و تورکیا، وادیارە باشتر دەبێ کە بیر لەوە بکەنەوە کە بە کوردستانێکی سەربەخۆ، بەڵام بچووکتر و سنووردار بە کوردستانی عێراق، رازی بن، لە کاتێک دا کە مومکینە سووریاش ببێتە وڵاتێکی فێدراڵ و کورد مافی ئۆتۆنۆمی بەدەست بهێنێ.




### کورد و ئیسرائیل

پرێزیدێنت "مەسعوود بارزانی" لە ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی دا ڕایگەیاند کە "سازکردنی پێوەندی لە نێوان کورد و ئیسرائیل، تاوان نییە، بە تایبەت لە کاتێک دا زۆبەی وڵاتانی عەرەبی پێوەندیان بەو وڵاتە جوولەکەیەوە هەیە".

بە گوێرەی "ئەلیزێر سەفریر"، بەرپرسێکی باڵای پێشووی مووساد لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣ تا ١٩٧٥ی زایینی، ئیسرائیل ڕاوێژکاری سەربازی لە ناوەندی فەرماندەیی ڕێبەری کورد "مستەفا بارزانی" هەبوو و بە دانی چەک و چۆڵ، تۆپخانە، چەکی دژە فڕۆکە، یارمەتی چەکدارانی کوردی داوە. بە گوێرەی بەرپرسێکی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل، ئەو هاوکارییانە، بەشێک لە ستراتێژی دۆزینەوەی هاوپەیمانانی "غەیری عەرەب" لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆ ئیسرائیل بوو. هەستی هاوسۆزی و

پشتیوانی بۆ کوردان لە ئیسرائیل، بە تایبەت لەو سەردەمە پەرەی سەند کە هەزاران جوولەکەی بەڕەچەڵەک کورد، لە شەستەکانی سەدەی رابردوو، لە عێراقەوە کۆچیان کردە ئیسرائیل.

پێوەندی شاراوەی ئیسرائیل و کوردەکان لە ساڵی ١٩٨٠ و لە لایەن سەرۆک وەزیری ئەوکاتی ئیسرائیل "مێناخێم بێگین"، پەردەی لەسەر لادرا. ناوبراو تەییدی کرد کە وڵاتەکەی نە تەنیا یارمەتی مرۆیی بەڵکوو راوێژکاری سەربازی و تەنانەت چەک و تەقەمەنیشی بۆ کوردەکانی عێراق ناردووە.

لە سەردەمی شەڕی یەکەمی کەنداو دا، ڕێکخراوە جوولەکەکان، لۆبیگەرییەکی بەرفراوانیان لە سەرتاسەری جیهان وەگەڕخست، بۆ ئەوەی یارمەتی کوردەکانی عێراق بدەن کە ئەو کات، لە ژێر گووشاری حکومەتی سەدام دابوون. سەرۆک وەزیری ئەوکاتی ئیسرائیل "ئیسحاق شامیر"، لە کاتی دیداری لەگەڵ "جەیمز بەیکێر"، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، داوای لەم وڵاتە کرد کە کوردەکان بپارێزێ.

لە ساڵی ١٩٩٩ هەژمارێک لە کوردەکان، مووسادیان بەوە تۆمەتبارکرد کە زانیاریگەلێکی داوە کە لە ئاکامی دا "عەبدوڵا ئۆجالان"، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان لە کێنیا قۆڵبەست کراوە و هەر بۆیەش، سەدان خۆپێشاندەری کورد لە بێرلین، هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ئیسرائیل و کۆنسولخانەی ئەو وڵاتە لەم شارە و چەند شوێنی تر. پۆلیس و چەکدارانی پارێزڤانی ناو باڵوێزخانە، تەقەیان لە خۆپێشاندەران کرد و لە ئاکام دا ٣ کورد کوژران، ١٦ی تر لە خۆپێشاندەران و ٢٧ پۆلیسیش بریندار بوون. دواتر "ئێفرایم هالێوی"، سەرۆکی ئەوکاتی مووساد، هەنگاوێکی کەم وێنەی سەبارەت بەو مەسەلە هەڵێنا و وێنە و بەڵگەگەلێکی زۆر نهێنی سەبارەت بە گیرانی ئۆجالان، بڵاوکردەوە. شتێک کە تا ئەو کات، مووساد ئەنجامی نەدابوو.


لە ساڵی٢٠٠٤ مێدیاکانی ئیسرائیل هەواڵێکیان سەبارەت بە هەڤدیتنی مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و بەرپرسانی ئیسرائیلی بڵاوکردەوە. دواتر، ئاریەل شارۆن، سەرۆک وەزیری ئیسرائیل، رایگەیاند کە وڵاتەکەی پێوەندی باشی لەگەڵ کوردستانی عێراق هەیە.

بە گوێرەی رۆژنامە ئیسرائیلییەکان، دەیان کۆماندۆی هەڵبژاردە و بە ئەزموونی ئیسرائیلی، لە ژێر ناوی کۆمپانیگەلی سەر بە کەرتی تایبەت، مەشق بە تیمەکانی دژە تیرۆری هەرێمی کوردستان دەبینن. بە گوێرەی راپۆرتەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیگەلی تایبەت بە مەشق و راهێنانی سەربازی واژۆکردووە و هاوکات کەل و پەلی پێشکەوتووی سەربازی و پێوەندیگرتنیشی، بۆ هێزە ئاسایشییەکانی کوردستان، لێ کڕیون. بۆ وێنە لقێکی کۆمپانی مۆتۆرلا لە ئیسرائیل و شیرکەتێکی فرۆشیاری ئامرازی پێوەندیگرتن و کامپیوتێر بە ناوی "ماگاڵ کۆم"، گرێبەستی سەدان میلیۆن دۆلاریان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەستووە. دیارترین نموونەی ئەو گرێبەستانە، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرە کە یەکێک لە بەردە بناخەییەکانی کوردی عێراق بەرەو سەربەخۆییە. دوو کۆمپانی ئاماژەپێکراو، پێوەندییەکی گەرم و گوڕی ئابووریان بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە و جگە لەوەش حکومەتی هەرێ، بە شێوەیەکی پتەو و بەردەوام لە بواری ئابووری، ئاسایشی و ستراتێژیک دا، راوێژ لەو کۆمپانییانە وەردەگرێ.

دەگوترێ کە کوردەکان، پێداگرییان لەسەر ئەوە کردووە کە پێوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و کوردستان دەبێ بە نهێنی بمێنێتەوە، زیاتر لەبەر ئەوەی کە مەسەلەن گرووپە گەشتیارە جووەکان لە کوردستان نەکەونە نەکەونە بەر هێرشی گرووپە تیرۆریستە رادیکاڵەکان. لەوانەشە ئەلقاعیدە، بیەهوێ پلانی هێرش بۆ سەر ئەو بنکە سەربازییانە دابڕێژێ کە ئیسرائیلییەکان تێیاندا مەشق بە کۆماندۆ کوردەکان دەکەن. لە بەرانبەر ئەو نیگەرانییەش دا، وەزیری بەرگری ئیسرائیل دەڵێ کە "ئێمە ئیزنمان بە ئیسرائیلییەکان نەداوە کە لە عێراق کار بکەن و ئەوانەی کە لەوێشن، کەسانێکن کە لە رێگەی کۆمپانییەکانی کەرتی تایبەت و بە دەستپێشخەری خۆیان چوونەتە ئەو وڵاتە، بێ ئەوەی ئێمە پەسەندمان کردبێ و هەر بۆیەش، بەرپرسیارێتی پاراستنی گیانی ئەو کەسانە، لە دەست ئەو کۆمپانیانە دایە کە دایانمەزراندوون نەک دەوڵەت".

### کوردەکان لە ئیسرائیل

کۆچی کوردە جووەکان بۆ ئیسرائیل لە دەیەی شەستی سەدەی رابردوو دەستیپێکرد. دەستپێشخەری و ئاسانکاری ئەو کۆچکردنەش، ڕێکخراوی کۆچپێکردنی جوولەکەکان لە شاری "سافێد" بوو. پێشووتر و لە ساڵانی ١٩٢٠ و دواتر لە ١٩٣٠ یەکان و پاش جەنگی جیهانی دووهەم و لە ساڵی ١٩٤٨ هەژمارێکی ٨٠٠٠ کەسی، لە کوردە جوولەکەکان، کۆچیان کردبۆ ئیسرائیل.




پاش ئەوەی کە دەوڵەتی ئیسرائیل بە فەرمی دامەزرا، هەزاران کورد لە پارچە جیاوازەکانی کوردستان روویان کردە ئەو وڵاتە. ئێستا دەگوترێ کە زیاتر لە ١٥٠٠٠ کوردی جوولەکە لە ئیسرائیل دەژین و زۆربەشیان دانیشتووی دەور و پشتی ئوورشەلیمن. کوردە جوولەکە کۆچکردووەکان بۆ ئیسرائیل، کولتوور، خواردن، مووسیقا و داب و نەریتی کوردیان لەگەڵ خۆ هێناوە.

### داهاتووی کوردستان

بۆ چەندین دەیە، ئەمریکا و ئیسرائیل، لە ترسی دڵگرانکردنی دەوڵەتی تورکیا، پشتیوانیان لە هیچ یەک لەو هەوڵانە نەکردووە کە سەربەخۆیی کوردستانی بەدواوەبێت. بەڵام

بە زێدەبوونی هێماکانی ئەگەری تێکڕووخانی دەوڵەتی عێراق، شۆڕشی لەناکاوی سووریا و خێراتربوونی ئەگەری دەستێوەردانێکی سەربازی دژ بە پرۆژەی ئەتۆمی ئێران، ڕەوشی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین چۆتە قۆناخێکی ئێجگار هەستیارتر لە جاران.

ئیسرائیل هیچ حەز ناکات ببێتە فاکتۆری یارمەتیدەر بە ڕەوتی تێکڕووخانی دەوڵەت-نەتەوەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوین بەڵام کاتێک، گرووپگەلی جیا جیای هەرێمەکە دەبینێ کە هەوڵی هێنانە سەر زمانی داخوازییە سیاسییەکانیان دەدەن، زۆر هەڵەیە کە ئیسرائیل تەنیا هەوڵی درێژەدانی پێوەندییەکانی بە دەوڵەت-نەتەوەکان بدات و لایەنی تر[دژبەری دەوڵەت نەتەوەکان- کورد بۆ نموونە/ و] بخاتە پەراوێز. بە تایبەت پشتیوانی لە دەوڵەتگەلێک کە خەریکە ڕەوایی نوێنەرایەتی گەلانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوینی نوێ، لەدەست دەدەن.

---

* تێبینی و: لە مانگی جولای ئەمساڵ، ئەفسەری خانەنشین "د. ژاک نێرییاح"، کە هەنووکە، پسپۆری تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوین لە "ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئوورشەلیم بۆ کاروباری گشتی"یە، ڕاپۆرتێکی ٢٧ لاپەڕەیی، سەبارەت بە ڕەوشی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، دوا پێشهاتە سیاسییەکانی گرێدراو بەو نەتەوە لە وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیا، سووریا، ئەرمەنستان، ئازەربایجان، لوبنان، گۆرجستان، کوردانی دیاسپۆرا و ئیسرائیل بڵاوکردەوە و تیشکی خستە سەر ئەگەری دامەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕوانگەی ئیسرائیل لەمبارەوە. وتاری سەرەوە، کورتەیەک لە ڕاپۆرتی د. نێرییاحە.

سەرچاوە : ماڵپەری ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ / ڕێکەوتی : ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٣

==========================================================

# کورد و ئایین و دەوڵەت

د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی

ئێمەی کورد کە بێدەسەڵات و بێبەری لە مافی چارەنووسین، بۆخۆمان لە هەموو کەس تاوانبار ترین! ئێستاش، بەتایبەت ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات، پرۆگرامێکمان بۆ داهاتوو نییە، ڕێککەوتن لەئارادا نییە، وەک ڕابردوو هەر ڕەمەکی دەبزووینەوە.



د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی

ئاماژە

لەم وتارە دا بابەتگەلی پێوەندیدار بە چەمکی ئایین و دەوڵەت - کە لە وتار و نووسراوەکانی کوردیدا دەبیندرێن- تا ڕادەیەک شیکراونەوە.

١- ئایین وەک "بیر و بڕوا و باوەڕ" لەسەر شتی تاک و کۆ گرێدراوە. ئایدۆلۆژیش، هەروەها لائیسیتە و سێکۆلاریسم، لەو مەودایەدان؛ ئەوەش ڕوونە کە ئایدۆلۆژی وەک ئایین گرێدراوی سروشتی مرۆڤ نییە، لەو ڕوانگەوە دەوڵەت دیاردەیەکی تایبەت بە "کۆمەڵگە و شارستانییەت"ە.

ئەگەرچی ئایین و ئایدۆلۆژی جیاوازییەکی بنچینەییان لەگەڵ دەوڵەت هەیە، بەڵام زۆر جار بەیەکەوە گرێدراون. ئەو گرێدراوییە بۆتە هۆی ئاڵۆزی چەمکەکان لە بابەتگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا. وا دیارە گرێدرانی دەسەڵات (دەوڵەت) بە ئایین یان ئایدۆلۆژی، زۆرتر بۆ مەبەستی دژ بە دیموکراسی (وەک پاوانخوازی و داگیرکەری) خۆی نواندووە. ئەوەش بەرچاوە کە لە چەمکی دیموکراسیدا ئایین و ئایدۆلۆژی مافی تاک و کۆمەڵ پێشێل ناکەن.

٢- لە هێندێک وتار و بۆچووندا دەگوترێ: هاوسێکانی کورد بەبۆنەی ئایینی ئیسلام، زۆر جار هێرشیان هێناوەتە سەر کورد. لەو باسەدا چەمکەکان لێکدراون، پێویستیان بە پشکنینەوە هەیە: بەر لە مستەفا کەماڵ، دەوڵەتی عوسمانی بە ناو ئیسلامی بوو. مستەفا کەماڵ سیستەمی دەسەڵاتی گۆڕی و کردی بە لائیک، بەڵام تا ئێستا دەوڵەتی لائیک پتر لە ئیسلامی مافی چارەنووسی گەلی کوردی پێشێل کردووە. لە واقعدا بێدەسەڵاتی کورد لە ئایین نییە، بەڵکو پتر لەو دوو چەمکەی ژێرەوەدایە:

ئ ] داگیرکەری و فرەخوازی ئەو دەوڵەتانەی بەسەر کورددا زاڵن و پشتیوانەکانیان.

ب ] نائاگایی، ناڕێکی، ناکۆکی، بێبەرنامەیی و کاری ڕەمەکی جەماوەری کورد.

٣- ئەو بزاڤەی دەسەڵاتدار بۆلای داگیرکەری و پاوانخوازی هاندەدا، ئایین و ئایدۆلۆژیش دەکاتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە مەبەستی خۆی. ئیسلام نەیگوتووە عەرەب یان تورک یان عەجەم دەبێ بەسەر کورددا زاڵ بن. لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە کورد وەک هاوسێکانی موسوڵمانە و دەتوانێ خاوەنی مافی چارەنووسی خۆی بێ. ئەگەر داگیرکەر و فرەخوازان مافی کوردیان پێشێلکردووە، بۆچی خۆمان فریو بدەین؟ با مەبەستەکان ئاڵۆز نەکەین و تاوانبار بزر نەکەین. کورد تەنیا بەهیوای بڕیارەکانی مافی مرۆڤ ڕزگار نابێ. باشترە لە بابەتەکان زۆر وردبینەوە؛ ئیرادەی ڕزگاربوون لە خۆدا پتەوتر بکەین.

بۆ گەیشتن بە مافی خۆمان، باشترە دوو چەمک لەبەرچاو بگرین:

ئـ ] ئامادەیی، ئاگایی و ڕێکی زۆرینەی خەڵک،
ب ] بەرنامەی هەڵسەنگێندراو و خۆپاراستن لە کار و بیری ڕەمەکی.

٤- وەک ئاماژەی پێکرا، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، لە ملهۆڕی و دژ بە دیموکراسیبوون سەرهەڵدەدا نەک لە ئایین. داگیرکەرانی ئەوروپایی لە سەردەمی هرۆژمی خاچهەڵگران (سەدەی ١١ ز.) دەستیان بە هێرشی داگیرکەرانە کرد. دواتر لە سەردەمی هەوەڵی ئیستعمارگەریدا ڕەشپێستەکانیان بە کوشتن و بڕین، بەدیل دەبرد بۆ ئەمریکا و سوورپێستەکانیان لەنێوبرد، ئایینی مەسیحیشیان بەسەردا داسەپاندن. لەو پڕۆسانەدا ئایینی مەسیحی تاوانبارە یان بزاڤی داگیرکەری؟ دیارە کە لەو چەشنە پڕۆسانەدا ئایین و ئایدۆلۆژی ئامرازێکن بەدەست داگیرکەران و پاوانخوازانەوە. بڕوانە هیتلەر و مۆسولێنی ڕەگەزپەرست چیان کرد! لێنین و ستالین و مائۆ و... هەر یەکەی دەسەڵاتیان بە خوێندنەوەی تایبەت بە خۆیان لە "مارکسیسم" گرێدابوو. ستالین بە میلیۆنان ئەو خەڵکانەی کوشت کە وەک وی "مارکسیسم"یان لێکنەدەداوە. لایەنگرانی ئایینەکانیش هەروان: پڕۆتێستان و کاتۆلیک، شیعە و سوننە و... بەڵام هەموو ڕەگەزپەرستێک نابێتە هیتلەر، هەموو کۆمۆنیستێکیش نابێتە پۆڵپۆت، هەر مەسیحیەکیش بۆ هێرشهێنان خاچ هەڵناگرێ و هەموو موسوڵمانەکانیش ئەلقاعدە و تالەبان نین.

بڕوانینە مێژووی سەرهەڵدانی ئیسلام: پێغەمبەر (د.) کە لە مەککە تاراندرا، لە مەدینە وەریانگرت و بوو بە ڕێبەر. بە ڕێنوێنی وی سیستەمێک دامەزرا کە بە قەولی ئالبیر شاندۆر تاڕادەیەک چەمکی سۆسیالیستی هەبوو [١]. بنەمایەکی ماڵ و سامان بە ناوی بەیتولمال وەک بنکەیەکی یارمەتی کۆمەڵایەتی وەگەڕکەوت. دوای پێغەمبەر (د.) خەڵک (لە شەرایتی ئەو سەردەمدا موهاجیر و ئەنسار) بۆ هەوەڵ جار توانیان لە دانانی سەرۆکی گشتی (میری موئمنان)، بە چەشنیک هاوبەش بن. خەڵک توانیان لە میری بەیعەت پێکراو ڕەخنە بگرن، ڕای خۆیان لەسەر مەبەستگەلی کۆمەڵایەتی دەرببڕن... ئەو ڕەوتە تا ئەو کات لە ڕۆژهەڵات نەدیترابوو. زۆرتر ئەو پڕۆسەیە بوو بە هۆی پەرەگرتنی ئایینی ئیسلام. بەڵام کاتێک معاویە بۆ داگیرکردنی دەسەڵات جموجووڵی دەستپێکرد، بناغەی سیستەمی نیوسەدەی پێشووی ئیسلامی تێکدا و سەرلەنوێ سیستەمی کۆنی پاتشایەتی - بەڵام تێکەڵاو بە ئایینی ئیسلام ی- دامەزراندەوە. لەو ڕەوتەشدا ئیسلام تاوانبارە یان پاوانخوازی و داگیرکەری؟ لە سەردەمی معاوەیەوە تا ئەورۆ، ئایینی ئیسلام زۆرتر وەک ئامرازێک بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی ملهوڕانە کەڵکی لێوەرگیراوە.

٥- پاش سازدانی دەوڵەتی شیعە لە ئێران (شا ئیسماعیل ١٥٠١ ز.) دەوڵەتی عوسمانیش بۆ بەربەرەکانی دەسەڵاتی تازەپەیدابووی شیعە، خۆی بە خەلیفەی ئیسلام (سوننە) ناساند [٢]. بەر لەو زەمان، عوسمانییەکان بەڕوونی ئیدعایەکی وایان نەبوو. لە واقعدا کردەوەی ئەو دوو دەوڵەتە - بە ناو ئیسلامییە - چ پێوەندییەکی بە ئایینی ئیسلامەوە نەبوو. شەڕی نێوان سەفەوی و عوسمانی - کە ٤٠٠ ساڵ لەسەر خاکی کوردستان درێژەی پێدرا، بەر لەوەی لەسەر ناکۆکی مەزهەبی شیعە و سوننە بێ، شەڕی داگیرکەری لە بن دروشمی خاچ و کەوانی مانگ (هلال) بوو. نیو سەدە پێش شائیسماعیل، ئوزون حەسەنی ئاق قۆینلوو، باپیری شائیسماعیل (لە دایکەوە)، لەلایەن مەسیحییەکانی ئەوروپا و ترابۆزان، بەدژی عوسمانی هاندرابوو بۆ کردنەوەی جەبهەی شەرق. (دەسپینا خاتوون، شازادەی ترابۆزانی بەو شەرتە مێردی بە ئوزون حەسەن کردبوو کە هەر مەسیحی بمێنێ و لە دەسەڵاتدا مافی لایەنگری لە مەسیحییەکانی هەبێ). سەفەوێکان کە لە نەنکەوە بە ڕەچەڵەک مەسیحی بوون، بە ڕادەیەک لایەنگری ئەوان بوون کە زۆر جار فەرماندەی هێزی سەفەوی لە شەڕ دەگەڵ عوسمانی، مەسیحی بوون! ئەو زنجیرە شەڕە دزێوانە بۆ ئەوروپا وەک دەرفەتێک بوون بۆ وەگەڕکەوتنی ڕێنێسانس و پشوویەک، لە بەرامبەر هێرشی لەشکری داگیرکەری عوسمانی بۆسەر ئەوروپا لە جەبهەی غەرب. بەڵام جەبهەی شەرق لە خاکی کوردستاندا بەڕێوەدەچوو. ئەو شەڕانە بوون بە هۆی تاڵان و کوشتار و دەربەدەری گەلی کورد [٣].

٦- مێژوو نیشان دەدا ئەگەر کورد لە گەلانی هاوسێ پتری خزمەت بە ئیسلام نەکردبێ کەمتری نەکردووە. دیارە کاتێک پێی ئایینی ئیسلام بێتەگۆڕێ، هیچ گەلێک و دەسەڵاتێک هەقی ئەوەی نییە بە ناوی پاراستنی ئیسلام مافی چارەنووسی گەلی کورد پێشێل بکا. سەرداری گەورەی کورد، سەلاحەدین ئەیوبی، قودسی لەژێر دەسەڵاتی هەشتا ساڵەی خاچپەدەستان دەرهێنا و لەشکری ئینگلیس و فەڕەنگییەکانی وەدەرنا. ئەو ئەفسەرەی ئینگلیسی کە لە شەڕی یەکەمی جیهانی گەیشتە دیمەشق، پێی لەسەر گۆڕی سەلاحەدین کوتا و گوتی: "سەلاحەدین، ئێمە هاتینەوە! بەڵام ئەو جار کێ هەیە لە قودس وەدەرمان بنێ؟!"

کوردان لە باری فەرهەنگیشەوە زۆریان خزمەت بە ئیسلام کردووە. لە قەولی ئیمام موحەمەدی غەزالی دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی: "فەرهەنگی ئیسلام لەسەر بناغەی متاڵای چوار بەرەی زانایان دامەزراوە. سێ بەرە لەو زانایانە کوردستانی بوون:

١- ئامێدی و دیاربەکری

٢- شارەزووری و هەڵەبجەیی

٣- دینەوەری و کرماشانی [٤].

٧- بەڵام تا ئەو کاتەی کورد بۆخۆی هەوڵ نەدا ئەو قسانە ( کە چ دەسەلاتێک نابێ مافی چارەنووسی گەلی کورد پێشێل بکا و...) لە مەودای شوعار تێناپەڕن. مێژووی کورد لەو ناوچەیەدا نیشان دەدا کە هاوسێکان داگیرکەرن، ئەوان زۆر پێش تر لە کورد لە چەمکی دنیا و دەوروبەر ئاگادار بوون. بۆ نموونە لە سەدەی ٥ی کۆچی/ ١١ زایینی، تورکانی بە ناو سەلجووقی هروژمیان کردە سەر کوردستان و خەریک بوون بناغەی گەورەترین دەسەلاتی ڕۆژهەڵات دابمەزرێنن. ئەو کارەشیان کرد. بەڵام لەو سەردەمدا ئەحمەد، کوڕی مەروان، لە بنەماڵەی پاتشایانی کورد - کە پایتەختەکەیان دیاربەکر بوو- خاوەنی حەرەمسەرایەک بوو کە ٣٦٦ ژنی تێخزاندبوو! وێدەچێ ئەو پاتشا کوردە هەر بەوە دڵخۆش بووبێ کە خەلیفەی عەباسی لە بەغدا لەقەبی "ملک العادل ناصرالدولە"ی پێبەخشیبوو!

لەلایەکی دیشەوە ئەو سەردەم کوردیش ئەو چەک و چۆڵەی لە بەردەستدا بوو کە هاوسێکان بەدەستیانەوە بوو! بەڵام بیر و بۆچوونیان لێک جیابوو! دیارە جێی شانازییە کورد داگیەکەر نەبووە، بەڵام جێی شەرمەزاریشە کە نەیتوانیوە دەسەڵات و سەربەستیی خۆی بپارێزێ.

٨- کوردان لە سەدەی (١١ ز.) تا سەرەتای سەدەی ١٦ ز، بۆ ماوەی ٥٠٠ ساڵ هەر لەژێر پەلاماری تورکان و مەغولاندا بوون. لەو ماوەیەدا پتر لە ٣٠ ناوچەی میرنشینی کورد، خاوەن دەسەڵات بوون. بەڵام ئەو میرانە قەت نەکەوتنە ئەو بیرە کە یەکبگرن و دەسەڵاتێک، کۆنفێدراسیۆنێک بە ناوی "کوردستان" دابمەزرێنن. (پێویستە ئەوەش بگوترێ زۆر جار عەشایری کورد، لە چەشنی کۆنفێدراسیۆن یەکیان دەگرت). بەڵام میرەکان ئەو کارەیان نەکرد. کاتێک کە شائیسماعیل دەسەڵاتی بەدەستەوەگرت (١٥٠١ ز.) هەموو میرە کوردەکان تەواو سەربەخۆ بوون. بەر لە شەڕی چاڵدران١٥١٤ ، سوڵتان سەلیم عوسمانی بە یارمەتی حەکیم ئیدریسی بتلیسی زانای، بەناوبانگی کورد، زۆرتری میرە کوردەکانی - کە ترسیان لە شائیسماعیل هەبوو - بۆلای خۆی ڕاکێشا و پەیمانی دەگەڵ بەستن کە میرە کوردەکان لە وەڵاتی خۆیان سەربەخۆ بن، بەڵام لە شەڕدا یارمەتی سوڵتانی عوسمانی بدەن و دیارییشی بۆ بەرن!

ئەولیا چەڵەبی لە سەفەرنامەکەی خۆیدا لەمەر ناوچەی دیاربەکر دەنووسێ: "پاتشای دیاربەکر لە وەڵامی سوڵتان سەلیم دا گوتی چەلێ بڕۆ دەگەڵ شائیسماعیل شەڕ بکە، ئەگەر سەرکەوتی، جا وەرە دەگەل ٢٠٠ هەزار سەربازی کوردی من ڕووبەڕو بەوە! بەڵام پاش تێکشکانی شائیسماعیل، سوڵتان سەلیم دەگەل حەکیم ئیدریس و هێزە کوردەکانی هاوپەیمانی سوڵتان سەلیم، دیاربەکریان ئابلۆقە دا و میریش چی پێنەکرا [٥]."

لێرەدا پێویستە ئەوەش بگوترێ: وەڵاتی کوردان و ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلی، بەر لە ڕێککەوتنی میرە کوردەکان دەگەڵ سوڵتان سەلیم، لە ژێردەستی عوسمانیدا نەبوون. عوسمانی بە شەڕیش وەڵاتی کوردانی داگیر نەکرد[٦] بەڵام دواتر دەوڵەتی زۆرداری عوسمانی پەیمانەکەی دەگەڵ کوردان لەژێرپێنا...

بەکورتی: ئێمەی کورد کە بێدەسەڵات و بێبەری لە مافی چارەنووسین، بۆخۆمان لە هەموو کەس تاوانبار ترین! ئێستاش بەتایبەت ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات، پرۆگرامێکمان بۆ داهاتوو نییە، ڕێککەوتن لەئارادا نییە، وەک ڕابردوو هەر ڕەمەکی دەبزووینەوە. بێگومان هێچ جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەتایبەت لەو عەسرەدا، ئەگەر لە مەودای دیموکراسی و بڕوا بە بنەماکانی مرۆڤایەتی وەک حەقیقەت، عەداڵەت و مەدەنیت نەبێ، هەتاسەر سەرناکەوێ!

پەراوێزەکان

[١] شاندۆر ئالبیر، سەلاحەدینی ئەیوبی، وەرگێر محەممەد قازی، تاران.

[٢] نووسەر دەیان وتاری بە زمانی فارسی لەم بارەوە هەیە، بڕوانە مجله ایران فردا/ خرداد ١٣٧٦ و...

[٣] بڕوانە وتارەکانی نووسەر لەسەر ئەو عینوانە (آنان کە هزینە پیشرفت اروپا و در نتیجە جهان را پرداختەاند/ مەبەست گەلی کوردە ) لە گۆڤاری مەهاباد، ژ.١١ / ڕێبەندانی ١٣٨٠ ئەبوبەکری مەسەنف لەو بارەوە گوتوویەتی: (درآن دم کاین عبارت روی بنمود، زهجرت نهصد و هشتاد و نە بود/... تو گویی هردم از چرخ مقوس، غم و اندوە باریدی بە هرکس / خصوصا بندەرا در کوەساری دهی بود از ولایت [نزیک مەریوان] برکناری / گهی از ظالمان اهل اسلام [عوسمانی]، بەغارت می شدی هر صبح و هر شام / گهی از جور مامور قزلباش نهان می گشتم اندر شعب هرتاش).

[٤] ئەبریشەمی عەبدوڵلا، "هویت تاریخی و مشکلات کنونی مردم کرد" ناشر: آنا، تاران، لاپەڕی ٨٥.

[٥] بڕوانە سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەی ١٢٤.


[٦] پرۆفسۆر ئۆزون چارشلی ئیسماعیل حەقی، مێژووی عوسمانی، وەرگێر د. وەهاب وەلی، لاپەڕی ٣٠٨ (نشر موءسسە مطالعات و تحقیقات فرهنگی / تاران ١٣٧٠).

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەری دیمانە / ڕێکەوتی : ١٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٦

# کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهید مەلا ئاوارە (ئەحمەد شڵماشی)

ئامادە کردنی ؛ ڕەحمان نەقشی

* مەلا ئاوارە (مەلا ئەحمەد شڵماشی) لە یەکێک لە ڕۆژەکانی ساڵی ١٣١٣ هەتاوی ( ١٩٣٤ ی ز ) لە گوندی " شڵماش " سەر بە شارستانی سەردەشت، لە هۆزی هەمەوەند لە دایک بوو. بنەماڵەی مەلا"محەممەد ئەمین" بوون بە خاوەنی کوڕێکی چاوشین و خنجیلانە.




باوکی ئەحمەد لە هۆزی هەمەوەند بوو و بە فەقییەتی ڕێگای کەوتبو ئەم گوندە دڵی لێی گیر ببوو هەر لەوێ ژنی هێنا بوو و بنەماڵەی پێکەوە نابوو.

مەلا حەمەدەمینی باوکی ئاوارە مرۆڤیکی لە خواترس و زانا و عالم بوو لە شەرعی ئیسلامیدا و لە سەرف و نەحوی عەرەبیدا دەستێکی باڵای هەبوو زۆر مەسائیلی شەرعی لە لا دەکرانەوە. بێجگە لەوەش خۆشەویستی نیشتیمانی وەلا نەنا بوو ئۆگری نەتەوە و نیشتیمانەکەی بوو.

لە منداڵێوە لای باوکی خوێندبووی، پاشان لە حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستاندا،گەڕا بوو و خوێندبووی. مەلا ئاوارە لە سەردەمی خوێندن و گەڕان بە کوردستاندا،بێ بەشی و هەژاری گەلی کوردی دی بوو،دەست تەنگی و نەداری جێشت بوو، بۆ ڕزگاری گەل ڕێگای خەباتی سیاسی گرتەبەر،و بوە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، و کادرێکی تێکۆشەر و زانای حیزب بوو.

ئاوارە لە ماڵ و ژیانی خۆی دوور کەوتبۆوە بەڵام هەموو جێگەیەکی ئەم کوردستانەی بە ماڵ و زێدی خۆی دەزانی و لەو کاتەیەوە لە ماڵ دوور کەوتبووە هەستی بە غەریبی نەکرد بوو. چوونکە ئەو تەنیا خۆی بە ڕۆڵەی دایک و بابی نەدەزانی و خۆی بە ڕۆڵەی هەموو خەڵکی کوردستان دەزانی هەر بۆیە بوو ئەو دەم و ئێستاش ئەوانەی ناو و ناوبانگی ئاوارەیان بیستبوو ڕێزی تایبەتی یان بۆی هەیە.

* ئاوارە لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی (١٩٦١ ی ز) بە هۆی حیزبایەتی و ئیش وکاری سیاسی یەوە لە بەر چاوی سیخورەکانی پاشایەتی بۆگەن ئاشکرا بوو بەرەو کوردستانی گەرمێن ڕێی داگرت کە ئەو دەم تازە شۆرشێکی گەرم و گوڕی تێدا بەرپابوو بوو. ئەو چالاکانە لەو شۆرشە دا بەشداری کرد و هێندەی نەخایاند لەبەر ئەمینداری و ئۆگری لە ڕادە بە دەری بە خاک و وڵات بوو بە جیی متمانەی ڕێبەرایەتی شۆرش .

* مەلا ئاوارە لە پاش ساڵەکانی (٤٤ و ٤٣ ی هەتاوی) لە گەڵ چەند کادری دیکەی حیزب وەک: سولەیمان موعینی، سمایل شەریفزادە، قادر شەریف ... لە کوردستانی گەرمێنەوە گەڕایەوە کوردستانی ئێران و گۆچانێکی بە دەستەوە گرت و لە ناوچەکانی بانە و سەردەشت لە نێو جوتیاران و زەحمەتکێشاندا ئەرکی نیشتیمانی خۆی بە جێ دەگەیاند.

* ئاوارە لە دەورانی فەقێ یەتی لە حوجرەی فەقێیان و پاشانیش بە خویندنەوی شێعری شاعیرانی نیشتیمان پەروەری کورد ئۆگری یەکی زۆری بە شێعری پاراو و ڕەسەنی کوردی پەیدا کرد بوو و لە کاتی پێشمەرگایەتی زۆر جار بە زمانی خەڵک شێعری دەگوتن و زۆر زوو شێعرەکانی دەما و دەم لە نێو خەڵکی دا بڵاو دەبونەوە و خەڵک شێعرەکانی ئەویان بۆ یەکتری لە بەر دەگووتەوە .

ئەگەر بمانەوێ بە ناخی شێعرەکانی ئاوارە دا بچینە خوارەوە و دابەش کردنێکیان لێ بکەین بۆمان دەردەکەوێ ئەو دوو جۆرە هەڵبەستی هۆنیوەتەوە.

هەڵبەستی نیشتیمان پەروەری وەک هەڵبەستی "کوردم کوردستانم دەوێ " و " توتنەوان"، ڕەش بگیری و لای لایە، هەڵبەستی توتنەوان لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەچێتە سەر دیاردەی سیاسی. دیارە ئاوارە هۆی بەش مەینەتیەکانی گەلەکەی بە هۆی سیاسی دادەنێ . هەروەها لە هەڵبەستی لای لایە دا کە لاوانەوەیە دوبارە ئامانجی دەربرینی نیشتیمان پەروەرییە. هەڵبەستی وەسفی وەک " ئالان "

* لە بەهاری ساڵی ١٣٤٧ ی هەتاوی ( ١٩٦٨ ی ز ) دا بە قەولی خەڵکی لێرەواری لای خۆمان کە بن دەوەن شین بوون تێکۆشەرانی حیزب بەرەبەرە داوەرینەوە وڵاتی و ئەوانی تا ئێستا لە پەنا و پەسیوان و ئەشکەوتی تەنگ و تاریک و تنوک و سارد و کادێن و وچخانەی تەنگەبەر دا خۆیان حەشاردا بوو خۆیان وەبەر هەتاوێ دا.

ژاندارم و جاشە خۆفرۆشەکان و چڵکاو خۆرە بۆدەڵەکانی حەمە ڕەزا کە توانای بەر بەرەکانی ڕوو بەروویان لە گەڵ ئەم تێکۆشەرە لە خۆ بوردوانە دانەبوو بە شێوەی کۆن و

هەمیشەیی ئاغاکانیان دەستیان بە فێڵ و داو نانەوە بۆ ئەم تێکۆشەرانە کرد

* حەسەن سەکر کویخای گوندی دیوالان بە دنەدانی حاجی برایمی بەریاجی کێشەی زەوی و زاری لە نێو جوتیارانی گوندەکە سازکرد بوو لە لایەکی دیکە داوای لە ئاوارە کرد بوو بۆ خۆی بێ و ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. ئاوارەش بە پێی واجبی خۆی و بە هەست کردن بە مسئولیەتی خۆی بەم کارە هەستا بوو و شەوێک لە شەوانی مانگی بانەمەری ١٣٤٧ ی هەتاوی بە خۆی و دوو پێشمەرگەوە بۆ چارەسەری کێشەکە دەچێتە گوندی دیوالان و لە پاش راگەیشتن بە کێشەکە و چارەسەر کردنی لە لایەن خۆفرۆش حەسەن سەکری دیوالان مەلا ئاوارە دەرمان داو دەکرێ و هەر ئەو شەوە حەسەن سەکر پیاو دەنێری بۆ دام و دەزگای حکوومەتی و بەیانی زوو مەلا ئاوارە بە هەلیکۆپتەر لە گەڵ دوو پێشمەرگەکەی دەبەن بۆ شاری سەردەشت و لە پاشان لەوێوە بەرێ دەکرێن بۆ دادگای سەحرایی جەڵدیان کە ئەو دەم بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە لایەن ژنیراڵ (اویسی) جەللادی شا پێک هاتبوو. کاتێک مەلا ئاوارەیان گرت تا ئەو کاتەی شەهیدیان کرد زیاتر لە چوار مانگی خایاند لەو ماوەیەدا زۆرتر لە قەسابخانەکەی جەڵدیان رادەگێرا، یەک دوو جار هێنایانەوە پادگانی سەردەشت و لە ژێر درندانەترین و سامناک ترین ئەشکەنجە و ئازار دا بوو بەڵام بە شەهامەت و ئەمینداریەکی زۆرەوە خۆی راگرت و ئەو ئەمانەتەی دایکی نیشتیمان کە بە لایەو بوو نەی درکاند و نهینیەکانی لەگەڵ خوێنی گەشی دا نەمامی ئازادی کوردستانی رەنگین و دەلالیان پاراو کرد .




ئاخرەکەی کاتێک دوژمنەکان بۆیان روون بۆوە کە مەلا ئەحمەد شڵماشی خزمەت بە گەل و نەتەوکەی دەگەڵ چۆر چۆر شیری مەمکی دایکی دا بە گەرووی داکراوە و دەگەڵ هەموو دەمارەکانی لەشی و لە نێو دڵۆپ دڵۆپی خوێنی نێو لەشیدایە تا کاتێک گیان لە جەستەی دا بێ خەیانەت بە گەل و نەتەوە و وڵات ناکا،

هەربۆیە جەلادانی رێژیمی پاشایەتی ئێران زۆر بێ بەزەیی یانە شەهید مەلا ئاوارە لە گەڵ دوو خەباتگێری دیکەی حیزبی دێموکرات، رەحمانی حەمەدی وەتمان چاوشین و مەلا کەچە " محەممەد ئەحمەدی" کە هەردووکیان خەڵکی گوندی دیوالان ی ناوچەی سەردەشت بوون. لە مانگی بانەمەڕی ١٣٤٧ (مای ١٩٦٨ ) لە گوندی دیوالان گیران ، و دوای چوار مانگ زیندان و ئەشکەنجە لەبەرە بەیانی رۆژی ١١ ی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٧ هەتاوی ( ٢ی سیپتامبری ١٩٦٨ ی ز ) لە خوار نەخۆشخانەی شار لە شوێنێک بە ناوی "خڕی کانی ساردێ " شاری سەردەشت ئیعدام کران.

بە پێچەوانەی، ئەوەی تەرمی شەهیدەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی (٤٦ – ٤٧ی هەتاوی) یان بۆ چاو ترسێن کردنی خەڵک بە شار و گوندی کوردستان دادەگێرا. بە کریگیراوانی رژیم هەر بەو بەیانیە زووە تەرتیبی ناشتنی تەرمی ئەو سێ شەهیدەیان دابوو لە قبرستانی گردە سووری شاری سەردەشت و تا چەند مانگ دواتر شوینی ناشتنەکەیان ئاشکرا نەبوو بەڵام لە پاشان گلکوی پیرۆزیان بوو بە جی نەزرگەی پیر و لاوی کورد.

کاتێک جەلادەکانی شا مەلا ئاوارەیان بۆ گۆرەپانی تیرە باران دە برد،بە دەنگی بەرز و شۆڕشگێرانە گوتی،(بە کوشتنی من خەباتی رەزگاری خوازی نیشتمانپەروەرانی کورد دووای نایە).
بژی کوردستان ).

سەرچاوە : یادی یاران، نووسینی حەمە رەسووڵ حەسەن پوور و رۆژنامەی کوردستان



# رق لەسیاسەت

مەریوان وریا قانیع

جۆرێک "رق لەسیاسەت" لەرۆشنبیری ئێمەدا هەیە کە ئاسایی نییە، ئەم رقە شێوازی جیاواز دەگرێتەخۆی، هەندێکجار لەتێکەڵنەبوون بە سیاسییەکان، هەندێکجار لەباسنەکردنی ئەو مەسەلەسیاسییانەی دێنە ئاراوە، زۆرجاریش بە سووک تەماشاکردنی سیاسەت خۆی وەک شێوازێکی تایبەتی چالاکی کۆمەڵایەتی خۆی نیشانئەدات. لەدونیای ئێمەدا رق لەسیاسەت دیاردەیەکی تازە نییە، بەڵکو رەگو ریشەیەکی قووڵی لەرۆشنبیری تەقلیدی ناوچەکەدا هەیە. سیاسەت لەدیدی برێکی زۆر لەخوێندەوارانی دونیای ئیسلامدا شوێنێکی کەمنرخو خراپی هەیە، وەک دیاردەیەکی ترسناکو رۆژانە مامەڵەدەکرێت. زۆرێکیش لەخوێندەوارانی ئەو ناوچەیە حەزدەکەن وێنەی کەسێک بۆخۆیان دروستبکەن کە گوایە بە "مەسەلە گرنگەگان!!!"و "پرسیارە مەزنەکان!!!"و "بابەتە ناکۆتاکان!!!"ەوە خەریکن، نەک بەو رووداوە سیاسییانەوە کە رۆژانە دێنو دەرۆن، ئەگەرچی ئەو رووداوانە کاریگەریی گەورەو قووڵ لەسەر ژیانی بەشێکی زۆری ئینسانی ئەو کۆمەڵگایانە بەجێبهێڵنو پێویستیان بەوەبێت بەبەردەوامی شیبکرێنەوەو راڤەبکرێن.



لەراستیدا رق لەسیاسەت لەدونیای ئێمەدا، بە پلەی یەکەم، رەگوریشەیەکی دینی هەیە. ئیمامی غەزالی لەمێژە بە خوێندەوارانو پیاوانی ئاینی وتووە: "تێکەڵ بە ئەمیرو سوڵتانەکان مەبنو مەیانبینن، چونکە بینینو دانیشتنو تێکەڵبوون لەگەڵیاندا خراپەکارییەکی گەورەیە". خوێندەوارێکی گرنگی وەک محەمەد عەبدە لەمیسر، لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، ئاوا باس لەسیاسەت دەکات: "ئەعوزو بیلا لەسیاسەت، لەوشەی سیاسەت، لەوەی کە سیاسەت دەکات، لەوەی کە سیاسەتکارەو لەوەش سیاسەتی بەسەردا دەکرێت". رۆشنبیرێکی گەورەی وەک عەلی وەردیش هەمان دید دووبارەدەکاتەوەو دەڵێت: "سیاسەت بچێتە ناو هەرشتێکەوە فاسیدی دەکات".

بەبۆچوونی من، یەکێک لەکارەساتە گەورەکانی ئەو دونیایەی ئێمە تێیدا دەژین، ئەم شێوازی مامەڵەکردنەی سیاسەتو ئەم تێروانینەیە بۆ سیاسەت. ئەم دۆخە وادەکات دونیای ئێمە نەک تەنها بێبەشبێت لەتوانای بیرکردنەوەو قسەکردنو کردەی سیاسی برێکی گەورەی نوخبە خوێندەوارەکەی خۆی، بەڵکو هاوکات درێژە بەو وێنە نێگەتیڤو سلبییەی سیاسەتیش ئەدات کە ئینسان لەوە ساردەکاتەوە ببێتە بکەرێکی سیاسی چالاک. ئەم دیدە بۆ سیاسەت جۆرێک لەرۆشنبیران دروستدەکات پێیانوایە ئەرکی ئەوان، یان تەنها نووسینی ئەدەبیاتو بەرهەمهێنانی کاری هونەرییە، یاخود ئەوەیە کاری فیکری "قووڵ!!!" لەسەر "پرسیارە مەزنەکان!!!" بنووسن. لەهەردوو دۆخەکەدا، ئەم جۆرە لەرۆشنبیران، ئەو رقە لەسیاسەت بەرهەمدەهێننەوە کە بەشێکە لەکەلەپوری دینی لەناوچەکەدا.

سەیر لەوەدایە ئەم تێگەیشتنە بۆ سیاسەت لەدۆخێکدا دروستدەبێت تیایدا "نابەشداری سیاسی" یەکێکە لەکێشە هەرە سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە. لەم کۆمەڵگایانەدا مۆدێلێک لەدەسەڵات ئامادەیە هەموو شتێک بکات بۆئەوەی ئینسانی "ناسیاسی" بەرهەمبهێنێت، کۆمەڵگا بکات بە کارخانەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی "بوونەوەری بێسیاسەت". لەراستیدا ستراتیژیەتی سەرەکی ئەم جۆرە لەدەسەڵات ئەوەیە سیاسەت لەکۆمەڵگا بسێنێتەوەو بیخاتە دەستی نوخبەیەکی بچووکەوە، بۆئەمەش هەموو تواناکانی خۆی تەرخاندەکات. ئەم مۆدێلە لەدەسەڵات ئەو جۆرەیە کە ئامادە نییە دەسەڵات بەشبکات، کە خۆی بە ئاغاو کۆمەڵگا بە کۆیلە دەزانێت، کە سیاسەت بە هونەری مانەوەی ئەبەدی خۆی لەدەسەڵاتدا پێناسدەکات. ئەم جۆرە دەسەڵاتە ئامادەیە هەمووشتێک بکات بۆئەوەی نەهێڵێت "وشیارییەکی سیاسی" رەخنەیی دروستببێت، نەهێڵێت سیاسەت ببێت بەبەشێک لەخەمی رۆژانەی ئەو کۆمەڵگایەی حوکمیدەکات. بیرۆکەی پشتی ئەم ستراتیژیەتی بە ناسیاسیکردنەی ئینسانو کۆمەڵگایە، بەرهەمهێنانی ئینسانو کۆمەڵگایەکی گوێڕایەڵو سەرلەقێنە.

ئەو پرسیارەی دەمەوێت لێرەدا بیکەم ئەمەیە: ئایا لەدۆخێکی لەو بابەتەدا ئەرکی رۆشنبیر چییە؟ ئایا ئەرکی رۆشنبیر ئەوەیە پانتایی "ناسیاسەت" گەورەبکاتو هەوڵی بە "ناسیاسیکردنی" زیاتری کۆمەڵگا بدات، یان رێک پێچەوانەکەی ئەمەیە؟ ئایا ئەرکی رۆشنبیر بریتییە لەبەهێزکردنی وێنە نێگەتیڤەکانی سیاسەت، یان بەرگریکردنە لەو راستییەی کە ئینسان هەر لەبنەڕەتەوە، وەک ئەرستۆ دەڵێت، "ئاژەڵێکی سیاسییە"، یان وەک هانا ئارێنت دەڵێت "سیاسەت ئامرازی سەرەکی پاراستنی فرەشێوەیی‌و جیاوازییە"، "ئامرازی پاراستنی ئینسانبوونی ئینسانە"؟ ئایا ئەرکی رۆشنبیر ئەوەیە باس لەشتگەلێکی "مەزن"و "نەمر"و "ئەبەدی" بکات، کە گوایە سەرقاڵبوون بە سیاسەتەوە دەیانکوژێتو لەناویاندەبات؟

لەم نووسینەدا مەودای وەڵامدانەوەی وردی ئەم پرسیارانەم نییە، ئەوەی دەکرێت لێرەدا بیڵێم، تەنها چەند سەرنجێکی گشتییە. با لەو خاڵەوە دەستپێبکەم کە من باوەڕم بەوە نییە رۆشنبیر بەناوی "کۆمەڵگا"و "مرۆڤایەتی"و بەهاو نرخە "ئەبەدی!!"و ئینسانیو پیرۆزکراوەکانەوە بدوێت. ئەم روانینە بۆ رۆشنبیر روانینێک نییە رۆشنبیر وەک یەکێک لەبکەرە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ساتەوەختێکی مێژوویی‌و مەعریفی دیاریکراو بەرهەمبهێنێت، بکەرێک لەپاڵ بکەرەکانی تردا، بەڵکو دیدێکە بە رۆشنبیر وێنەی پێغەمبەرو

فریشتەو سوپەرمان دەبەخشێت. ترسناکترین‌و هاوکات "سیاسیترین" کارێک ئەوەیە ڕۆشنبیر خۆی بە نوێنەری "کۆمەڵگا"و "مێژوو"و "مرۆڤایەتی"و "جوانی"و "پاکی"و "بێگەردی"و ئەمجۆرە شتانە بزانێت. لەکوێدا ڕۆشنبیر بە زمانی نوێنەرایەتی دوا، لەوێدا نەک تەنها سیاسەت دەکات، بەڵکو سیاسەتێکی هێجگار خراپو ترسناکیش دەکات، با بەئاشکرا هەڵگری گوتارێکی ناسیاسی‌و دژ بە سیاسەتیش بێت. لەم دۆخەدا ڕۆشنبیر نەک سیاسەت ناکات، بەڵکو پانتایی سیاسەتی خراپ لەکۆمەڵگادا گەورەدەکات.

لەباتی "نوێنەرایەتیکردن"، ئەرکی ڕۆشنبیر ئەوەیە کار بۆ ئەوە بکات هێزو گروپو لایەنە جیاوازەکان بتوانن خۆیان بدوێن، خۆیان نوێنەرایەتی خۆیان بکەن، خۆیان باسی دونیای خۆیان بکەن، نەک ئەوەی کەسانێکی تر لەباتی ئەوان قسەبکەن‌و بدوێن، بەڵام ئەم هێزانە چۆن قسەبکەن‌و لەکوێدا قسەبکەن؟ کۆمەڵگا چۆن بتوانێت سیاسەت بکاتو ئەرکی ڕۆشنبیر لەم ئاستەدا چییە؟ بە بۆچوونی من ڕۆشنبیر دەتوانێت ئەم چوار ئەرکە سەرەکییە ببینێت کە هەر چواریان ئەرکی سیاسی گرنگن.

یەکەم، شیکردنەوەی ئەو دیاردانەی تیایاندا لێزانەو مەعریفەو زانیاری تەواوی تیایاندا هەیە، واتە بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی ستراتیژی. دووهەم، پێداچوونەوە بە گریمانەو بەڵگەنەویستە باڵادەستەکان‌و نرخاندنەوەی ئەو دیدو ڕوانینانەی خۆیان وەک هەقیقەت نمایشدەکەن. سێهەم، سەرلەنوێ نرخاندنەوەو هەڵسەنگاندنەوەی ئەو یاساو دەزگایانەی کە هەن‌و باڵادەستن. چوارەم، بەشداربوون لەدروستکردن‌و بەرهەمهێنانی ئیرادەیەکی سیاسیدا. وەک دەبینین ئەم ئەرکانە پەیوەندی قووڵ‌و هەمەلایەنیان بەیەکەوە هەیەو هەمووشیان ئەرکی سیاسی گرنگن، بەتایبەتی لەکۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا.

سەرچاوە : ماڵپەری ئاوێنە نیوز / ڕێکەوتی : ٢٠ی نوامبری ٢٠١١

==========================================================================================

# مۆسیقای کوردیی و فەرهەنگی کوردەکان

❊ ئایاکو تاتسومۆرا
(زانستگای میللی مۆسیقا و هونەرەجوانەکانی تۆکیۆ)

لە ساڵی ١٩٧٥، ئەو گروپە (دووهەمین گروپی توێژینەوە لە مۆسیقاناسیی ئێتنیکی لە ئێران و تورکیا) دەستی بە لێکۆڵینەوەیەکی خۆجێیی لە سەر مۆسیقای ئەو کوردانە کرد کە لە ئازەربایجانی ئێراندا دەژین. مۆسیقای کوردەکان، لە بەراورد دەگەڵ مۆسیقای دانیشتووانی دیکەی ناوچە، بەتەواوی جیاوازە. تەواوی ئەو ئاهەنگانەی کە لە گوندەکان کۆکراونەتەوە، شکڵی دژەدەنگیی وغەیرەدەنگی (Antiphonal)یان هەیە کە دەکرێ لە نەریتی مۆسیقای کوردیدا بە گرینگ لەقەڵەم بدرێ. ئاهەنگە سازکراوەکانی مۆسیقارە نیوەپسپۆڕەکان کە لە شارەکاندا ئاستەکراون، زۆرتر بە هۆی کر(نەخشی)ی مێلۆدییەکەیان دیاری دەکرێن. ئەوە لێکۆڵینەوەیەکە لە سەر مۆسیقا و فەرهەنگی کوردەکان و، مەبەستیش شیکتردنەوە و تێگەیشتنی مانا و هەستی ئاهەنگینی مۆسیقایە، کە لە فەرهەنگدا وەک گشتێک و لە مۆسیقادا وەک دیاردەیەکی دەنگیی شوێن دادەنێ. (شکڵی1)

## ١- ڕوانگەی توێژینەوە

تا ئێستە توێژینەوە لەمەڕ کورد و مۆسیقا بە دوو شێوە ڕاپەڕێندراوە. یەکەمیان شێوەیەکی مەردمناسانە(خەڵکناسانە)یە کە لەسەر مۆسیقا و فەرهەنگ وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پێدادەگرێ. کەموکورتی ئەو شێوەیە ئەوەیە کە لە مۆسیقا و بایەخەکەی وەک دیاردەیەکی دەنگیی چاوپۆشی دەکا. لەو جێیەڕا کە مۆسیقا بەشێک لە فەرهەنگی خەڵکە، شیکردنەوەی لایەنەکانی دیکەی فەرهەنگییش لە توێژینەوەدا پێویستە. بەڵام ئەگەر مۆسیقا و فەرهەنگ بەبێ شیکردنەوەی «دەنگ/چریکە«، واتە خودی مۆسیقا، بخرێتە ژێر توێژینەوە، ئامراز دەگەڵ مەبەست تێکەڵ کراوە. دووهەمین شێوە، مۆسیقاناسی یە، کە لێکدانەوەی کر(نەخش)ی مۆسیقا لەبەرچاودەگرێ. کەمووکورتی ئەو شێوەیەش ئەوەیە کە مۆسیقا وەک دیاردەیەکی فەرهەنگی نابینێ و حاشای لێدەکا. بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەو شێوەیە لە بنەتادا تەنیا دیاردەی دەنگە، واتە شیکردنەوەی مۆسیقاتا ڕادەی یەک (شت/ئامراز) و، نەک وەک ڕەنگدەرەوەیەکی مرۆیی. ئاشکرایە کە مۆسیقا لە فەرهەنگ یان کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بەدیدێ و، فامینی وی بەبێ تێگەیشتنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم فەرهەنگە نایەتەدی. لەم شێوەیەشدا لایەنی هەڵە لە نێوان ئامراز و مەبەست لەئارادایە.

هەڵبژاردنی یەکێک لەم دوو شێوەیە، بابەتی ئەو باسە نییە. بەڵام بۆ پەرەدانی زۆرتری مۆسیقاناسیی ئێتنیکی، لایەنخوازییەکی نوێ لە توێژینەوەدا پێویستە. لایەنخوازییەک کە بتوانێ هەردووک شێوە ئاوێتە بکا و تێگەیشتنێک لە چەمکی جوانیناسانە و بایەخی مۆسیقا بەدەستەوەبدا. شتێک کە لە توێژینەوەکانی پێشتر لە ئارادا نەبووە. ئەم لایەنخوازییە نوێیە لە توێژینەوەدا، دەبێ لە سەر کۆڵەکەی ناخ و ڕێککەوتووی نێوان ڕشتەگەلی مۆسیقاناسیی، خەڵکناسیی، کۆمەڵناسی و جوانیناسی دابمەزرێ.

ڕەنگە شێوەی ئاهەنگناسانە(جوانیناسانە)، دەرخەری ئەم لایەنخوازییە نوێیە بێ. لێرەدا، واژەی ئاهەنگ بە مانا تەسکەکەی واتە ئاهەنگی مۆسیقا نییە، بەڵکە چەمکێکی

هەراوتر و وەک «ڕێکیی حەرەکەتەکان»ە. هەر بەمجۆرەی کە ئەفلاتوون لە کتێبی قانوون دا، دەریبڕیوە.

یەکەم، لە هەر فەرهەنگێکدا ئاهەنگێکی سروشتی لە ئارادایە کە لە سەر بناغەی گۆڕانی وەرزانە لە دەوروبەردا ڕاوەستاوە. ئاشکرایە کە ئاهەنگی سروشتی لە ناوچە دەشتاییەکان دەگەڵ ئاهەنگی ناوچە گەرم و پڕبارانییەکان و، یان دەگەڵ ئاهەنگی سەرزەوی فێنکی خاوەنی چوار وەرز، تەواو جیاواز و نالێکن.

دووهەم، لە هەر فەرهەنگێکدا «ئاهەنگێکی کۆمەڵایەتی» لەئارادایە کە لە ڕێکیی حەرەکەتە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگەدا تەئسیر وەردەگرێ؛ وەک حەرەکەت لە سازمانی ئابوور، کۆمەڵگە، سیاسەت، مەزهەب و زمان. زمان بەتایبەت، ماکەیەکی گرینگ لە کری «ئاهەنگی کۆمەڵایەتی» پێکدێنێ، کە بە شێوەیەکی پتەو دەگەڵ چەمکی مۆسیقای ئاهەنگ تێکەڵاوی هەیە. سێهەم، هەستێکە کە لە دەنگە پەتییەکان، نەزمێکی مۆسیقایی پێکدێ؛ یان هەستێک کە ماکەچاوییەکان بۆ ئافراندنی بەرهەمە هونەرییەکان، دەخاتە ژێر نەزمێکی شازەوە. ئەو هەستە لە سەر ئەستوندەگی ئاهەنگەکانی سروشتی و کۆمەڵایەتی پەرەی گرتووە و لێرەدا عینوانی «هەستی ئاهەنگی هونەری» پێدەدرێ.

بەڵام ئەوە بەم مانایە نییە کە هەر دەربڕینێکی هونەری، بە هۆی دەوروبەرەکەی دیاری دەکرێ. «هەستی ئاهەنگی هونەری» کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، شازێتی باش و داهێنەرانەی هەیە و تەنیا ملکەچی ئاهەنگی سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانی نییە. کەچی دەربڕینی هونەری پێوەندی بە لایەنخوازیی تاک نیسبەت بە کۆمەڵگاوە هەیە. شێوەی ژیان، شێوەی چالاکییە هونەرییەکان و یان شێوەی بیرکردنەوەی تاک، گرینگترین ماکەگەلی داهێنانی هونەرین بەتایبەت لە کومەڵگای نوێدا. هەروەها دەبێ سەرنج بدرێ کە ئەم هەستە، بە پێی گۆڕانکارییەک کە لە ئاهەنگی حەرەکەتی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدەن، دەگوردرێ. گۆڕانکاریی مێژوویی یان نەبوونی لە ئاهەنگی کۆمەڵایەتیدا، ماکەیەکی سەرەکی یە لە شکلگرتنی هەستی حەرەکەت(ئاهەنگ)ی هونەری لە فەرهەنگێکدا. بەڵام زەمانێک کە هەستی ئاهەنگێکی هونەریی تایبەت لە کۆمەڵگادا شکڵ دەگرێ، بەگەلێک شێوە تووشی ئاڵوگۆڕێکی دیکە دەبێ و، تاڕادەیەکی زۆر لە گۆڕانکارییەکانی ئاهەنگی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا سەربەخۆ دەمێنێتەوە. بەگشتی، وەختاییەک تایبەتمەندییەکانی مۆسیقای خەڵکێک دێتە بەرباس، پشت بەم لایەنە نەگۆڕانەی فەرهەنگی ئەو گەلە دەبەسترێ. لە ڕاستیدا، دەتوانرێ بۆنموونە ئیشارە بە خەڵکانێک بکرێ، کە زمانی سەرەکیی خۆیان لە دەست داوە، کەچی تایبەتمەندیی مۆسیقای خۆیان پاراستووە.١

توێژینەوەیەک کە ئەم شێوە (هەستی ئاهەنگی هونەری)یە پێڕەوی دەکا دەبێ پاڵووە بگۆڕ و لە گۆڕاننەهاتووەکانی فەرهەنگ لەبەرچاوبگرێ. لە ڕوانگەی ئەم شێوەیە، جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان هەستی ئاهەنگی هونەریی مەڕداره موسوڵمانەکانی سەرزەوییە ویشکەکان و، برینجکارە بودایییەکانی ناوچە گەرم و شێدارەکاندا هەیە و، ئەم جیاوازییە لە بنەتادا نالێکیی بوواڵەت لە کر(نەخش)ی مۆسیقای ئەو دوو فەرهەنگەدا دیاری دەکا.

ڕابیتەی سەرەکیی نێوان لێکۆڵینەوە لەمەڕ فەرهەنگ بە شێوەی گشتی و، توێژینەوە لە مۆسیقا وەک دیاردەیەکی تایبەتی بە دوو ڕێگا پێکدێ: لە ڕێگای شیکردنەوەی هەستی ئاهەنگداریی خەڵکێک، کە دە سەرجەمی فەرهەنگێکدا شوێن دادەنێ و، هاوڕێ دەگەڵ ئەم، لە ڕێگای شیکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی مێژوویی دە ڕەوتی پەرەگرتن و پەرەسەندنی ئەو هەستەدا، ئێمەش، دە شیکردنەوەی مۆسیقای کوردیدا ئەم شێوەیە دەگرینە پێش. هەرچەند لە درێژەی لێکۆڵینەوەی خۆجێییدا، کوردەکان بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکەمان نەبوون؛ چونکە گرتنی ئیجازە بۆ مانەوەی درێژخایەن لە گوندێکی کوردنشیندا ئیمکانی نەبوو. کەوابوو زانیارییە کۆکراوەکان بە ڕادەیەک نین کە بۆ تەکمیلی توێژینەوەیەک یارمەتیمان بدەن. لە توێی ئەم ماوەیەدا مەنتەقەی کرماشان لە ئێران و مەنتەقەی تورکیای ڕۆژهەڵاتیش نەخرانە بەر چاوپێکەوتن. دەگەڵ ئەوەدا، ئاشکرایە کە کوردەکان مۆسیقای شازی خۆیان هەیە و بابەتێکی عەنتیکە بۆ لیکۆڵینەوەی زیاتر لە ڕشتەی «خەڵک و مۆسیقا»دا پێکدێنن. سەرەڕای کەموکووڕیی توێژینەوەکان، بەشێک لە ئاکامەکان ، بۆ یارمەتی گەیاندنی لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو، لە ژێرەوە دەخرێنەڕوو. بەشی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوە لە شاری مەهاباد ئەنجام درا.

## ٢- لێکدانەوەی مۆسیقای کوردیی

ئاکامگەلی توێژینەوەی جۆجێیی ئێمە لەمەڕ مۆسیقای کوردیی دەکرێ بە شکڵی ژێرەوە ڕیزبەندی بکرێ:

١- ئاوازە یەکدەنگییەکانی نیوە چادرنشینەکان (نیوە هەوارچییەکان)؛

٢- ئاوازە دژەدەنگییەکان (Antiphonal) هاوڕێ دەگەڵ هەڵپەڕکێ، کە لە گوندەکان ئاستەکرا؛

٣- مۆسیقای ژەنەرە نیوەپسپۆڕەکان، کە لە شاری مهاباد ئاستەکرا؛

٤- بانگدان و قورعامخوێنیی.

ئەوەی کە لە خوارەوە دێ، لێکدانەوەیەکی پوختە لە مۆسیقای نامەزهەبی (Secular)، بەتایبەت خاڵەکانی ١و٢ و٣. مۆسیقای مەزهەبی، بەتایبەت بانگدان و قورعانخوێنیی لێرەدا ناخرێتە بەرباس.

### ١- ئاوازە یەکدەنگییەکانی نیوە چادرنشینەکان:

ئەو ئاوازانە لە دوو چادر(تاوڵ)دا، لە نزیکی شاری مەهاباد(یەکیان لە پازدە کیلۆمیتر و ئەویتر لە دە کیلۆمیتریی شار) ئاستەکراون. چادرنشینەکان تازە لە کوێستان(هەوار)ڕا گەڕاونەتەوە ئاران(دەشت)، تا گیرۆدەی سەرمای سەرەتای زستان لە کوێستان نەبن. ئەم ئاوازە یەکدەنگییە ساکارانە، ئی منداڵی مەڕدار(هەوارچی)ەکانن. ئەم ئاوازانە دەگەڵ سازێک هاوڕێیی نەدەکران. ڕیتمی ئەو ئاوازانە ٨/٥ و ٨/٦ن وێڕای لێدانی ئاماڵ خێرا و دانگی دەنگی بەم. (نموونەی١)

لە مهابادیش مۆسیقای لێدراو دەگەل شمشاڵ، ئاستەکراوە، ئەم سازە لە ئەسڵدا فلّووت(بلوێر)ی شوانان و لە هەمان ئامێری نەی فارسی یە. سازێک کە دەنگەکەی ئاستەکراوە لە لوولەئاسنێکی نادیاری بە دەست سازکراو بوو کە کاتی لێدان بە شێوەیەکی قیلەوقانج ڕایاندەگرت. دەنگی شەمشاڵ زۆر ویشک و کرەکە.

## ٢- ئاوازە دژەدەنگییەکانی گوندەکان:

گوندەکانی دەوروبەری ورمێ، کە دانیشتووانەکەی، ئازەریی، هەرمەنیی، ئاسۆریی و کوردن، خرانە بەر چاوپێکەوتن. تەواوی ئەو گوندانە، بێژگە لە گوندە کوردنشینەکان، مۆسیقای وێکچوویان هەیە، کە بە دەهۆڵ و زوڕنا لێدەدرێ(دەژەندرێ). تەنیا کوردەکان مۆسیقای جیاوازیان هەیە؛ جۆرێک ئاوازی دژەدەنگیی کە پێشتر بە هۆی کریستێنسن(Christensen) زانای ئێرانناس لە سەری نووسراوە.٢ لەم ناوەدا دوو گوندی سیلوانا و ئانبی، هەڵکەوتوو لە ٥٠ کیلۆمیتریی باکووری ڕۆژئاوای ورمێ لە داوێنی زنجیرەچیای ڕاگرۆسیش، خرانە بەر چاوپێکەوتن. بە هۆی نزیکی ئەو گوندانە لە سنووری ئێران و عێراق{تورکیا}، ئەم ناوچەیە بە وردی لە لایەن ژاندارمەرییەوە کۆنترۆڵ دەکرا. دەگەڵ ئەوەش، دانیشتووانی کوردی ئەو گوندانە، ڕەفتارێکی زۆر دۆستانەیان هەبوو، وە توانیمان لەم وەختە کەمەی بۆ توێژینەوە هەمانبوو، زۆرترین کەڵک وەربگرین. بە گوێرەی زانیارییەکانی کوێخای گوند، دێی سیلوانا نزیکەی ٧٠٠ کەس ئاپۆرە، ٨٠ خێزان و فێرگەیەکی سەرەتایی هەیە. ئاپۆرەی گوندی ئانبی ١٠٠٠ کەس، وێڕای ١٠٠ خێزان و فێرگەیەکی سەرەتایی. حاسڵاتی ئەو گوندانە، گەنم، گوێز، شووتی و تەرەکارین. خەڵکی ئەو دوو گوندە مەر و ماڵاتیش بەخێودەکەن.

چڕینی ئاوازە دژەدەنگییەکانی ئێرە ئاوایە: سەرەتا پیاوێک دەست بە گوتنەوەی مێلۆدییەک دەکا، کە لە دوو یان چوار بەیت(دێڕەشێعر)ی سادە دروست بووە کە ئاهەنگ (هەوا)ی ئاوازەکە پێکدێنێ. ئەو مێلۆدییە چەند جار و تەقریبەن هەمیشە لە چوارچێوەی وەستانێکی ٤/١ی زەربی دووپاتدەکرێتەوە.

وەختاییەک هەوای سەرەکی ئاواز، واتە ئەو دێڕەشێعرە ساکارانە چەند جار دووپاتکرانەوە و، کاتێک گوتنەوەی ئەو شێعرانە بە شێوەی جۆراوجۆر پاشبەندێکیان پێکهێنا، مرۆڤێکی دیکە دەست بەگوتنەوەی دەکا و دەگەڵ ئاخرین دێڕ(ڕستە)ی ئاوازی کەسی یەکەم هاودەنگی دەکا(دەیڵێتەوە). (نموونەی٢: ژمارە٣،٢،١ و ٤)؛ (نموونەی٣: ٤،٣،٢،١ و ٥)

سەرەڕای ئەوە، ئاوازێکی دیکەی هەر لەم چەشنەش، کە بە هۆی منداڵان، کچێک و کوڕێکەوە گوترا، ئاستەکرا. ئەو ئاوازە بە پێچەوانەی ساکارییەکەی، کر(نەخش)ێکی وێچووی لە چەشنی ئاوازەکانی دیکە هەبوو. (نموونەی٤)

ئەوە نیشان دەدا کە ئەم شکڵە لە ئاوازدا، لە مۆسیقای سوننەتیی کوردیدا بەقووڵی ڕیشەی داکوتاوە، شکڵی دژەدەنگیی مۆسیقای کوردی لە ئاوازە حیماسییەکاندا بەرچاوە. ئەو ئاوازانە لە مۆسیقای سوننەتیی کوردیدا زۆر دەبیندرێن.٣

کوردەکان زیاتر لە ٢٨ جۆری هەڵپەڕکێیان هەیە، کە هەرکام ڕیتم و حەرەکەتی جیاوازیان هەیە. لەوانە، هەڵپەڕکێی سێپێیی، کە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا هەر لە شوێنی خۆی ئاستەکرا. ئەو هەڵپەڕینە بریتی یە لە حەرەکەتێک دە سێ هەنگاوی بەکاوەخۆدا. هەڵپەرکێکاران دە سووڕانێکی نیوبازنەییدا و لە حاڵێکدا دەستیان دە دستی یەک ناوە، هەنگاوهەڵدەگرن{هەڵدەپەڕن}. شێخانی هەڵپەڕینێکی دیکەیە، کە لە حەرەکەتی خێرا و هەڵبەز پێکهاتووە. هەڵپەڕکێیەکانی کوردیی ئەغڵەب زۆر زیندوو و پڕ جووڵەن. هەڵپەڕکێ دە نەریتی کوردەواریدا شوێنێکی گرینگی هەیە.

## ٣- مۆسیقای ژەنەرە نیوە کارامەییەکان:

ئەو مۆسیقایەی لە شاری مهاباد ئاستەکراوە، مۆسیقای ژەنەرە نیوە پسپۆڕەکانە و تاڕادەیەکیش هونەرمەندانەیە. ئەو ژەنەرانە ئەغڵەب گروپێکی سێ کەسیی پێکدێنن: گۆرانیبێژ(ئاوازخوێن)، ژەنەری سازی فووتێکەر و تەپڵێدەر. ئەو گروپانە، ئەغڵەب لە زەماوەند و میواندارییەکاندا بەشدار دەبن. ئەوانە کەسانێکی چاونەترسن و لە کاری خۆیاندا لە تێکنیکێکی بەرز کەڵک وەردەگرن. مێلۆدییەکانی ئەو ژەنەرە نیوەپسپۆڕانە، لە هەمان جۆری مۆسیقای گوندی یە، کە پەرەگرتنێکی زیاتری بەخۆیەوە دیوە. بەڵام لە درێژەی لیکۆڵینەوەکەمان لەم شوێنەدا، جۆری ئاوازی یەکدەنگیی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، دەو شێوەیەدا نەبیندر. گۆرانیبێژ نەخشێکی سەرەکی دە دەربڕینی مۆسیقای نیوەپسپۆڕەکاندا دەگێڕێ. ئاوازخوێن بەبێ ئەوەی ساز(ئامێر)ێک بژەنێ، گۆرانی دەڵێ و، ئەغڵەب ڕێبەری گروپەکەیە. شێوەی دەربڕینی ئاهەنگ، ساکار و بایەخدار و جیاواز لە شێوەی گنینی عەرەبی یە.٤ زەقترین تایبەتمەندییەکانی ئاهەنگە کوردییەکان، مێلۆدی و گاوەکانێتی کە شازێتییەکی جیاوازیی مۆسیقای کوردی دەردەخەن.

مێلۆدی ئاهەنگە کوردییەکان، دەکرێ بەگوێرەی چوارچێوەیەک بە مەوداگەلی ٣/١ ڕیزبەندی بکرێن. (خشتەی1)

ئا: ئەو مێلۆدییانەی کە لە سەر پایەی مەودای یەک لە سێی مینۆڕ دە »نۆتی ڕێ»دا(نۆتی پایەی گاو کە ئەساسی مەودا دە گاودایە) حەرەکەت دەکەن. (ئەم مینۆڕە دەبەرگری ماژۆرێکی دووهەمی ژێروو و مینۆرێکی دووهەمی سەروویە). (١٦ برگە)

بێ: ئەو مێلۆدییانەی کە لە سەر پایەی مەودای یەک لە سێی ماژۆڕ دە (نۆتی ڕێ)دا حەرەکەت دەکەن. (ئەم ماژۆڕی سێهەمە دەبەرگری دوو دووهەمەکانی ماژۆرە کە لەلای یەک داندراون). (١٠برگە)

پێ: ئەو مێلۆدییانەی کە لە سەر پایەی مەودای یەک لە سێی مینۆڕ حەرەکەت دەکەن، کە لە مینۆرێکی دووهەمی ژێروو و ماژۆرێکی سەروو پێکهاتوون.(٢ برگە)

تەنیا ئاوێتەبوونی ئەو سێ نۆتەیە بەسە بۆ ئەوەیکە برگەیەک سازبکرێ و، ژمارەی نۆتگەلی پێکهێنەری برگە لە ٦ نۆت زیاترە. حەرەکەتی مێلۆدییەکان گاو بە گاوە و

بازەکانیان تەقریبەن هەمیشە دە مەودایەکی یەک لە چواردا بەدیدێن.

بەکورتی، لە ٢٨ بڕگە کە کۆمانکردبووەوە، ١٦ بڕگە بە ڕوونی گاوگەلی وەکوو گاوی مینۆڕیان هەبوو. دە گروپی(بێ)دا ١٠ بڕگە بە دەستەوەیە. ئەگەرچی ٨ بڕگە گاوگەلی وەکوو گاوی ماژۆڕیان هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا خاوەنی دەنگێکی وەکوو گاوی مینۆڕن. چونکە لە ژەنینی ئەو ٨ بڕگەیەدا، نۆتگەلی (دۆ ـ میی) ئەغڵەب دەردەکەون، بەلام نۆتی (سۆل) بەدەگمەن ئەوهایە. لە ئاکامدا هاوئاهەنگیی نۆتەکانی ماژۆڕ بە ڕوونی هەست پێناکرێن و، هەستی بەدەستهاتوو زۆر لەم هەستەوە نزیکە کە لە مێلۆدییەکانی گروپی (ئا)دا بەدەست هاتووە و بە هاسانی دەگەڵ یەک تێکەڵ دەبن. دوو بڕگەی گروپی (بێ) خاوەنی مێلۆدیگەلێکن کە بە نۆتی (ڕێ) خەتم دەبن و هەمان حاڵەتی مێلۆدییەکانی گروپی (ئا)یان هەیە. مێلۆدییەکانی گروپی (پێ) لە سێ نۆتی سادە و تیکراری پێکدێن. جاریوایە ئەو مێلۆدییانە خاوەنی نۆتی(دۆ)ن و دەکرێ لەم حاڵەتەدا دە گروپی (بێ)دا دابندرێن. دەگەڵ ئەوەش، نۆتگەلی (سۆل، فا، میی) دەتوانن ببنە جێنشینی نۆتگەلی (ڕێ، دۆ، سیی) دە بەشێک لە گاوی (ئا)دا. کەوابوو دەتوانرێ ئەوان دە گروپی (ئا)دا وەک گشتێک جێ بدرێن.

بە شێوەیەکی پوخت، دەتوانرێ دوو گروپی (بێ) و (پێ) وەکوو بەشێک لە گروپی (ئا) لەقەڵەم بدرێن. دەکرێ بڵێین کە مۆسیقای کوردی دە ئەسڵدا خاوەنی گاوێکی سروشتیی مینۆڕی دەبەرگری: (سۆل، میی، ڕێ، دۆ، سیی، لا)یە. لە زۆربەی بوارانـدا بەرنۆتی (لا)یان هەیە و، مێلۆدییەکان لە سەر پایەی مەوداگەلی مینۆڕێکی سێهەم بنیاتنراون. هێندێک جاریش، (دۆ) دەبێتە بەر نۆتە و، مێلۆدییەکان لە سەر ئەساسی ماژۆڕێکی سێهەم دامەزراون. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە کر(نەخش)ی مۆسیقای کوردیی لایەنخوازییەکی ئاوای هەیە، ئەگەرچی بەڵگەی بەدەستەوەبوو بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە بەس نییە. (نموونەگەلی ٥ و٦)

دە سیستیمی مۆسیقای ڕەسەنیی ئێرانیدا، گۆشەیەک هەیە کە لە دەستگای شووردا بە بەیاتی کورد ناسراوە، کە سەرچاوەی کوردیی ئەم بڕگەیە دەردەخا. ئەم گۆشەیە، گاوێکی وەکوو گاوگەلی سەرەوەی هەیە. لە تورکیا و عێراقیش مەقامگەلێک هەن کە نێوەکانیان سەرچاوەی کوردیی ئەوان نیشان دەدا. (نموونەی ٧ و ٨)

لێرەدا مەسەلەی پێوەندیی نێوان مۆسیقای سوننەتیی کوردی و مۆسیقای ڕەسەن و پێچەڵپێچ دێتەگۆڕێ. نۆتگەلی یەک لە چوار دە مۆسیقای ژەنەرانی نیوەپسپۆڕدا نەبینرا. بەڵام دە گاوگەلی مۆسیقای کلاسیکدا کە سەرچاوەی کوردییان هەیە، ئەم نۆتگەلە، جارجار وەک گاوەکانی دیکە کەڵکیان لێوەردەگیرێ. واوێدەچێ کە دە ڕەوتی گۆڕانکاریی مۆسیقای جۆجێیی بەرەو مۆسیقای پەرەگرتووی بارەگایی(دەرباری ـ ڕەسمی)دا، نۆتگەلی یەک لە چوار، لە ژێر کاریگەریی مۆسیقای نەتەوەکانی دیکەوە هاتبێتە ناو سیستیمی مۆسیقای کوردییەوە. یا ئەوەیکە، ئەو شتەی تەنیا بە شێوەی لایەنخوازییەک دە مۆسیقای کوردیدا لەئارادابووە، ئێستە بەهۆی ژەنەرانی پسپۆڕ جەختی لەسەرکراوە و دە پرۆسەی هەوڵەکانیاندا لە پێناو دەستپێڕاگەیشتن بە مۆسیقایەکی ناسکتر، گۆڕانی بەسەرداهاتووە. دەگەڵ ئەوەشدا، پێوەندیی نێوان مۆسیقای خۆجێیی و مۆسیقای ڕەسەن(کلاسیک)ی میللی لە هەرێمی ئاسیای ڕۆژئاوا مەسەلەیەکی عەنتیکەیە بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو.

مۆسیقای کوردیی، بەهۆی مێلۆدییە سروشتییەکان، گاوی وەکوو مینۆڕ و ڕیتمی هەژێنەر و ئاوازبێژیی دەروشاوە، حاڵەتێکی تایبەت پێکدێنێ، کە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر پڕ لە هەژان و تەزێ لە خەم و پەژارەیە. بۆیە دەگوترێ کە هەر ئەم حاڵەتە تایبەتیەشە ئەغڵەب سەرنجی جیهانگەڕەهەندەرییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. بەگوێرەی قسەی بۆیس (Bois)، ئەم جیهانگەڕەی کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەردانی کوردستانی کرد: «ئاهەنگە کوردییەکان بە زیل و بەمێکی ئاماڵ ڕێکوپێک و دەربڕینێکی تەواو خەماویی دیاری دەکرێن. ناکرێ بیربکرێتەوە کە چلۆن هستگەلێک کە بەدیهێنەری ئەم چەشنە ئاهەنگانەیە لە ناو قەبیلەگەلێک سەریهەڵداوە کە تەنیا لە ڕێگای زەبروزەنگ و تاڵان خۆیان بە ئێمە ناساندووە«.٥

### ٣ - مەسەلەگەلێک بۆ لیکۆڵینەوەکانی داهاتوو

کوردەکان، بە بەراورد دەگەل گەلانی دیکەی ناوچە، مۆسیقایەکی جیاوازیان هەیە. مۆسیقای کوردی زۆرتر لە ڕێگای مێلۆدی خەماویی دە گاوی سروشتیی لە چەشنی مینۆڕ و، شکڵی دژەدەنگیی و ڕیتمێکی ساکار و بەڵام زیندوو و هەژێنەرەوە دیاری دەکرێ. ئەگەرچی کوردەکان هاتوونەتە سەر دینی ئیسلام، بەڵام سوننەتی مۆسیقای عەرەبی، شوێنێکی وای لە سەر مۆسیقای وان دانەناوە. بێ لەوەش، کوردەکان سەرەڕای سوننی بوونیان، دەگەڵ ئەوە کە ئەهلی تەسەننون خۆئاسایی لەمەڕ مۆسیقاوە لە شیعەکان تەسکخوازترن، بەڵام لە ئازەرییە شیعە مەزهەبەکان ئازادانەتر بە مۆسیقاوە خەریک دەبن.

لێرەدا بە سێ مەسەلەی سەرەکی کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆرترهەیە، ئاماژە دەکەین:

١- پێوەندیی تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی مۆسیقای کوردی دەگەڵ فەهەنگی کوردی وەک شتێکی گشتی.

٢- پێوەندیی نێوان مۆسیقای کوردی و مۆسیقای گەلانی دیکە.

٣- ئاڵوگۆڕی گریمانەیی دە مۆسیقا و فەرهەنگی کوردیدا.

دە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی یەکەم، دەتوانرێ بە هۆکارەکانی ژێرەوە، وەک دیاریدەری تایبەتمەندییە بەرچاوکانی مۆسیقای کوردی، ئیشارە بکرێ.

یەکەم، لەمەڕ ڕیتمی سروشتیی مۆسیقای کوردی دەبێ بگوترێ کە سەرزەوی ئەژدادی کوردان، ئەستوندەگی ناوچەی کوێستانی ئاسیای ڕۆژئاوایە و، بە هۆی بارودۆخی دژواری دەوروبەر لە ئاسیبی پەلاماردەران پارێزراوە.

دووهەم، دە پێوەندی دەگەڵ ئاهەنگی کۆمەڵایەتیدا، کوردەکان لەئەساسدا چادرنشین(هەوارچی)ن و نیزامێکی عەشیرەتییان هەیە. ڕەنگە ئەو هۆکارانە بتوانن ڕەسەنایەتی

مۆسیقای ئەوان دەربڕن. ڕۆشنە کە کارتێکەریی هەندەریش هەبووە، بەڵام ئەو تەئسیرە نەیتوانیوە گۆڕانی سەرەکی لە مۆسیقا و فەرهەنگی کوردیدا بەدیبێنێ. چونکە ناوچەی ژیانی کوردەکان، لەباری جۆغرافیاییەوە زۆر دوورەپەرێزە. واوێدەچێ کە تایبەتمەندییەکانی ژیانی ئاژەڵداریی و چادرنشینی، هەستی مۆسیقای ڕیتمیک و شازێتی هەژێنەرانەکەی پەرەپێدابێ. هەروەها، وادێتەبەرچاو کە نیزامی عەشیرەیی کۆمەڵگا، هاوکات دەگەڵ هۆکارەکانی سەرەوە، بە پاراستنی شێوەی دەربڕینی ساکار و ئازادی مۆسیقای کوردیان، کۆمەگ کردبێ. لە حاڵێکدا، لە نێوان ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتی ناوەندیکراویان هەیە، مۆسیقا خۆئاسایی بە شێوەی هونەرێکی پاڵاوتە، وەکوو مۆسیقای دەرباری(بارەگایی) دەرکەوتووە.

مەسەلەی دووهەم خاوەنی دوو لایەنە: یەکیان بەراوردی مۆسیقای کوردی دەگەڵ مۆسیقای گەلانی دیکەی ئێرانی یە، بەتایبەت فارسەکان و لوڕەکان کە دەگوترێ دەگەڵ کوردەکان خزمایەتیی مێژوورییان هەیە، وە ئەوی دیکەیان، بەراوردی مۆسیقای کوردی دەگەڵ مۆسیقای سەرزەوییەکانی دیکەیە لە ناوچەیەکی بەربڵاو لە یۆنان و ئورووپای ڕۆژهەڵاتەوە بگرە تا دەگاتە ئاسیای ناوەندی و ئەفغانستان. چونکە کوردەکان گەلێکی دێرینن و مێژووییەکی درێژیان دە پێوەندی دەگەڵ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەیە، شیکردنەوەی هەڵسەنگاندنی مۆسیقا و فەرهەنگی ئەوان جێگەی بایەخ پێدانە. مۆسیقای کوردی دەتوانێ وەک ئاڵقەیەک لە فەرهەنگەکانی مۆسیقا بێتەبەرچاو کە نەریتگەلی ئاسیایی و ئورووپایی بەیەکەوە گرێدەدا.

سێهەم، کە داهاتووی مۆسیقا و فەرهەنگی کوردی دەگرێتەوە، دەگەڵ شێوەی ژیانی لە حاڵی گۆڕان و پەرەسەندندا تێکەڵاوییەکی نزیکی هەیە. کوردەکان خەڵکێکی پڕ لە جۆش و خرۆشن و هەوێتییەکی نەتەوەیی بەهێزیان هەیە کە دەتوانێ ببێتە کوڵەکەیەکی سەرەکی بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتی مۆسیقای کوردیی.

دە پێوەندی دەگەڵ هورووژاندنی هۆشیاریی نەتەوەیی و هەوێتی خەڵکی کورد، مۆسیقای کوردی و ژەنەرانی کورد دەتوانێ وەک ڕانەری نەخشی «ئاشقەکان» لە تورکی ئازەریدا چاوی لێبکرێ. هەرچەند گۆڕانکارییەک کە لەم ساڵانەی دوایی ژیانی کوردەکاندا پێکهاتووە، لەوانەیە گەورەترین گۆڕان بێ کە ئەوان بەتاقیان کردووەتەوە. بە پێی ئەو ئاڵوگۆڕەی شێوەی ژیان، هەلومەرجی سیاسی کوردەکان، دەشێ کر(نەخش)ی دەنگیی مۆسیقای ئەوانیش لە هێندێک لایەنەوە تووشی گۆڕانکاری بکا. نیشانەی ئاڵوگۆڕێکی ئاوا، هەر ئێستەش دە مۆسیقای ئاستەکراودا هەست پێدەکرێ. بەڵام مۆسیقای کوردی، هاکا تا زەمانێک کوردەکان، تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکانی خۆیان بپارێزن، باقی بمێنێتەوە. هەبوونی ئەو گەلە بە ڕۆشنی مەسەلەیەکی بناغەیی دێنێتەئاراوە بۆ لیکۆڵینەوەی فەرهەنگ و مۆسیقا لە کۆمەڵگای نوێدا.

• سەرنج: ئەو گوتارە لە مەجەللەی (مطالعات کردی، جلد ١، شماره ٤، سال سوم، تابستان ١٣٦٥ ، بڵاوکراوەی بنکەی کورد لە پاریس) وەرگیراوە و لە زمانی فارسی ڕا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. دیارە، نووسراوەکە بۆ یەکەمین جار بە زمانی ئینگلیسی لە ژێر عینوانی "Musics and Culture of the Kuds." لە گۆڤاری Senri Ethnological Studis, no 5. 1980 دا بڵاوکراوەتەوە. شیاوی گوتنە کە دەستەی نووسەرانی ئەم مەجەللەیە بریتی بوون لە: عەلی بوچاک، سیامەند عوسمان، حەسەنی قازی و عەبباسی وەلی، کە سیامەند عوسمان بەڕێوەبەر و، عەبباسی وەلی بەرپرسی بەشی فارسی بووە. (س. چ. هێرش)

پەراوێزەکان:

١- وەک هەزارەکانی ئەفغانستان، دەگەڵ ئەوەدا کە زمانی سەرەکیی خۆیان لە دەست داوە بەڵام تایبەتمەندیی مۆسیقای سوننەتیی خۆیان هەروا پاراستووە.

٢- کریستێنسن، شکڵی ئاوازی دژەدەنگیی مۆسیقای کوردی دە چوار ناوچەدا ئاستە و توێژبەندی کردووە. یەکێک لە بوارە باشەکانی کاری وی، ئاماژە بە ئاوازی بووکهێنان(زەماوەند)ێکە کە لە لایەن چوار ژن و پیاوەوە ئیجراکراوە کە دەستەواژەیەک بە شێوەی یەک لەدوای یەک و بڕگەگەلی جۆراوجۆر دەڵێنەوە.

٣- بۆوێنە مۆسیقای یەهوودی{جوولەکە} لە کوردستان داگیرکەرییە قارەمانانەکەی هامو موسو(Hamu Musea) ــ «میراتی مۆراشا»(in Morasha Heritage) بە ئاستە و لێکدانەوەی ئامنۆن سیلۆئا(Amnon Siloah) نیشان دراوە.

٤- دوا بە دوای ئەو دێڕە، پاراگڕافێکی چەند دێڕیی سەبارەت بە چۆنیەتی نای و تووزەلە قرتێنرا و بە پێویست نەزاندرا بخرێتەڕوو. (س. چ هێرش)

٥- بڕوانە: Bois, T. Connaissances des Kurds, Lebanon 1965.

سە رچاوە : ماڵپەری گزنگ

# دۆخی ژنانی کورد لە هەرچوار بەشی کوردستان،پرسەکانی ئازادی و ڕێگا چارەکان

## پێشەکی



پرسە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی هەرێمەکەمان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی پرسەکانی ژن و خێزانە . هەڵە نیە گەر مرۆڤ بلێ ئەو پرسە سەرچاوەی هەموو پرسە ئابوری ، کۆمەڵایەتی ، تەندروستی ، ئەکۆلۆژی ( ژینگەیی)، سیاسی ، پەروەردەیی و یاساییەکانە.

هەر بۆ ئەوەشە گەر پەیوەندیەکانی نێوان ژن و پیاو تا ئێستا نەبۆتە مایەی تێگەیشتن ، ئەوە پرسەکانی تر نەک تەنیا نابێتە مایەی تێگەیشتن بەڵکو چارسەریش ناکرێ. لە مێژووی سەردەستی و ژێردەستی کۆمەلایەتی ، چینایەتی و پێگەی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ئەو پرسە ئاوا بووە . ئەمرۆ لە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دا بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێ ژن وەک کرێکارێکی بێ بەرامبەر و کۆیلە بەرێوبەرن . لەگەڵ ئەوەی کە کۆیلایەتی ژن وەک نمونەی هەموو کۆیلایەتی کۆمەلگەیە بەلام لەسەروویانەوە سۆسیۆلۆژی و هەموو زانستە کۆمەڵایەتیەکان ئەوەی شی نەکردۆتەوە و ئەو گۆڕەپانە نوقمی تاریکی کراوە ، بۆ ئەوەی هەموو پرسەکان چارەسەری بکرێن پێویست بە دید و بۆچونێکی نوێ و ئازادیخواز هەیە .

هەر بۆ ئەوەش ژنۆلۆژی بۆ ڕووناکی خستە سەر ئەو پرسە و چارەسەر کردنی لەم سەدایە ڕۆڵیکی گرنگ دەبینێ . گەردوون ، جیهان ، مێژووی مرۆڤایەتی ، سۆسیۆلۆژی ، زانست ، شارستانی ، فەلسەفە ، ئەخلاق ، فێمینیزم ، شەڕ ، ئابوری و هەروەها هەموو بوارەکانی ژیان لە دیدی ژنەوە شرۆڤە کردن بۆ ئاشکرا کردنی حەقیقەت و پەردە هەڵدانەوە لەسەر چەمکی ڕەگەزگەرایی مەرجێکی بنەڕەتی و بنەمای سەرەکی دیموکراسیە. لە هەمان کات دا بۆ بونیادنانی ژیانێکی ئازاد و هاوژینی بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە هەلوێستێکە کە ژن بکاتە ناوەندی تێکۆشان لە پێناوی ئازادی و یەکسانی دا. گەر وا نەبێ ناکرێ نە ئازادی و نە یەکسانی بەدەست بخرێ . لەسەر ئەو بنەمایە کاتێ شرۆڤە لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان بکەین هەڵسەنگاندن و پێناسەکردنی پرسەکە بە پێی ئەو پێوانە ڕاسترین هەلوێست دەبێ. کۆمەڵگەی کوردستان لە ئەنجامی سیاسەتەکانی سەرکوتکاری دەولەتانی داگیرکەردا کێشەکانی ئالۆزتر و قوڵتر بووە . ئەنجامی چەمکی ڕەگەزگەرایی ، نەژادگەرایی ، ئاینگەرایی و زانستگەرایی کە بەشێوەیەکی فرەڕەهەند لە لایەن هێزەکانی داگیرکەر و هێزی نێونەتەوەیی بەرێوەدەبرێن وای لە ژن کردووە ببێتە خاوەن قەیراناویترین ناسنامە. لەکوردستان دا هێزی داگیرکەر لە دوو هێلی ئایدۆلۆژی دا دەیانەوێ کاریگەری لەسەر گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی کورد دا بکەن و بەرێی ژنی کورد سەرلەنوێ داگیری بکەنەوە. یەکەمین هێل لیبرالیزمی نوێیە ( نیولیبرالیزم) ە ، پێوانە و ئەخلاقی سەرمایەداری بە رێی ( سێکس ، وەرزش و هونەر ) بڵاو دەکاتەوە و کۆمەڵگەکەمان لە جەوهەری خۆی دووردەخاتەوە ، هێلی دووەمینیش هێلی ئیسلامی سیاسیە ، ئەویش ئیسلام لە ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی و کەلتوری دووردەخاتەوە و ئایین بۆ بەرژەوەندی سیاسی و دەستەڵاتداری بەکاردینێ. هەردوو هێڵی ئایدۆلۆژیش ژن وەک ئامێر و کەرەسەتە بەکاردێنێ ، دژایەتی ئازادی ژن دەکات و مەترسیدارن. لە کوردستان دا پیاو نوێنەرایەتی دەوڵەت دەکات لە خێزان دا هەر چۆن دەوڵەت هەموو جۆرە بێ مافی و توند و تیژیەک لەسەر گەلی کورد ڕەوا دەبینێ ، پیاویش هەمان شت لەسەر ژن پەیڕەو دەکات لە ئەنجامی چەمکی باوکسالاری و سیاسەتەکانی دەولەت هەموو جۆرە باڵادەستی ، ستەمکاری ، کوشتن ، قۆرغکاری و ناوەندگەرایی پەیڕەو دەکات و بۆتە هۆی ئەوەی ڕۆژانە دەیان ژن لە نێو کۆمەڵگەکەمان دا خۆیان بکوژن یان بکوژرێن . ژیان لەگەڵ پیاوێک بە پەیوەندی زایەندی ( جنسی ) وە سنوردار کراوە ، هەر بۆ ئەوەش بێ سنور و بێ حساب خستنەوەی ژمارەیەکی زۆر منداڵ بۆ پیاوێکی کورد وەک بەردەوامی ژیان و سەرچاوەی هێز دەبینرێ . بەو شێوەیە ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاری بە هەقدەست هەرزان بۆ دەولەتانی داگیرکەر و سوپایەکی بێ سەروبەر ئاوا دەکات کە زیاترین خزمەت بەوان دەکات. لەسەر ئەو بنەمایە بنەماڵە یان( خێزانی گەورە ) وەک بەرجەستەترین دەزگا لە کوردستان دەپارێزێ و ، دەولەتانی داگیرکەریش تا دوایی پشتیوانی لێ دەکەن. ئەو ستەمە لەنێو خێزان دا بە سیاسەتی هێزەکانی داگیرکەر دەبنە سیستەم و لە بەرامبەر ژن لە شەڕدان ، لە ڕووی دەستوریەوە ئەو یاسایانە لەسەر بنەمای ڕەگەزگەرایی ئامادەکراوە هەر بۆ ئەوەشە دوور لە چەمکی یەکسانیە . لە ڕووی ئابوریشەوە ژنان بە شێوەیەکی زۆر خراپ داگیرکراون . ڕەنجی ژن لە بەخێوکردنی منداڵ دا بێ نرخ دەبینرێ و ئەو کارەی ژن دەیکات بێ واتا لێی دەڕوانرێ. خۆبەخۆ ئەو ژنانەشی کار دەکەن بە پارە ، بەرهەمی ڕەنجەیان لەلایەن باوک یان پیاوی دەوروبەریەوە دەستی بەسەردا دەگیرێ و مافی بەکاربردنی لێ زەوت دەکرێ . هەروەها لە ڕووی تەندروستی ، پەروەردەیی ، سیاسی ، کەلتوری و هونەریش دا ئەنجامی ئەو چەمکە ڕەگەزگەرایی باوکسالاری و دەولەتانی داگیرکەرە. ژنانی کورد لە دۆخێکی گێژاودا دەژین کەلتوری دەستدرێژی لەم سەدەی دواییەدا زۆر پەرەی سەندووە و ڕۆچۆتە هەموو دەمارەکانی پەیوەندی خێزان و کۆمەڵگە ، برسێتی زایەندی کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بڵاوی دەکاتەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کاریگەری هەیە. بە تایبەتی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەخلاق لە نێو خێزان دا تا دێ ڕۆژانە لە پەرەسەندن دایە ، لە تەنیشت ئەو سیاسەتەوە ولاتانی داگیرکەری کوردستان بە ئاگاییەوە دیاردەی لەشفرۆشی بڵاو دەکەنەوە و دەبنە هۆکاری کەوتنەوەی کارەساتێکی کۆمەڵایەتی. لە ڕووی پەروەردەوە بەدەر لە باشوری کوردستان زمانی کوردی قەدەغەیە یان وەک زمانێکی پەروەردە بەکارناهێنرێ . لە هەمان کات دا ئەنجامی

زهنیەتی ڕەگەزگەرایی زۆرێک لە کچان بنەماڵەکانیان نایانخەنە بەر خوێندن. ئەوەش دەبێتە هۆی نەزانی و هاتنە ئاراوەی زۆر کێشە. لەگەڵ ئەوەی کە لە سەدەی ٢١ داین بەڵام لە هەندێ جێگا کچان خەتەنە دەکرێن ، لە ژێر ناوی ناموس سەنگەسار دەکرێن و دەکوژرێن . بە گشتی دەکرێ بگوترێ لە ڕۆژی ئەمڕۆ دا لە کەسایەتی ژنی کورد دا شەڕێکی ئایدۆلۆژی ، کەلتوری ، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە دژی کۆمەڵگە بەرپار کراوە و پەرەی پێدراوە و ڕێ لە دیموکراتیزەبوون دەگرێ. هەر بۆ ئەوەشە گەر کێشەی ژن لە کوردستان پەرەی لەسەر هەڵنەماڵرێ و ڕوون نەکرێتەوە ، بێ واتایە پرسە نەتەوەییەکانی کورد لە تاریکی ڕزگار بکرێ و ڕێ لەسەر چارەسەری بکرێتەوە ، لەسەر ئەو بنەمایە وەها دەکرێ لە دۆخی ژنان لە بەشەکانی کوردستان بڕوانرێ:

## دۆخی ژن لە باکوری کوردستان

دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا، گەلی کورد لە باکوری کوردستان ڕووبەڕووی سیاسەتی تواندنەوە و قڕکردنی کولتوری کراوەتەوە. زمان، هونەر کولتور، فۆلکلۆر، ناسنامەی سیاسی و کۆمەڵاتی ئەو گەلە قەدەغە کراوە و هەموو جۆرەکانی کۆمەڵکوژی لە دژی بەکارهێنراوە. شەڕی تایبەتی دەوڵەتیش بە تایبەتی ئاراستەی ژنان و لاوان کراوە . ئەو کۆمەڵکوژیانەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەو بەشەی کوردستان ئەنجام دراون، ڕێگا لەبەردەم ترس، نکۆڵیکردن لەخۆکردن و ، قەیرانی کۆمەڵایەتی گەورەی کردەوە.
کاتێک سیاسەتی فەرمی پیادەکراو دژ بە کۆمەڵگا کوردی کە خۆی لە سەپاندنی هەژاری و نەخوێندەواری و تواندنەوە و بێرەوشتی دەنوێنێ لە گەڵ باڵادەستی نێرینە جووت دەبێت، ئەنجامی زۆر خراپیان بە سەر ژنی کورددا هێناوە. مرۆڤ دەتوانێ بڵێ ئەو ڕەوشە تا دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان هەروا بەردەوام بوو. دەکرێ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی بۆ ژنی کورد وەکو لە دایکبوونێکی نوێی مرۆڤ بەناو بکات. بنەما فیکریەکانی بزووتنەوەی ئازادی کە لە لایەن ڕێبەر ئاپۆوە داڕێژراون، پرسی ئازادی ژن بە پرسێکی سەرەکی داناوە و چارەسەرکردنیشی نەک تەنیا بووە بە بەشێکی دانەبڕاوی شۆڕشی نەتەوەیی ، بەڵکو پەرەشی بە شۆڕشی ژن داوە.
ئەخلاق و کولتوری ئازادی کە پەکەکە لە نێو کۆمەڵگا کوردیدا بڵاوی کردۆتەوە کاریگەریەکی گەورەی لە ژن کردووە و گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەی ئەنجام داوە لە ناو کۆمەڵگای کوردستاندا.
هەروەها لە گەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئازادی ژنان، هەزاران ژن بەشداریان لە ڕیزەکانی گەریلادا کرد کە نەک تەنیا دەرفەتێکی لە باری ڕەخساند بۆ بە ئەرتەشبوونی ژنان ، بەڵکو کارێکی وای کرد سەدان هەزار ژن بەشداری لە ڕاپەڕینەکانیشدا بکەن.
بیرۆکەی ئازادی ڕێبەر ئاپۆ وای لە تێروانینە نێرانەگەرایی لە جۆری ( ژن نازانێ، ژن ناتوانێ داکۆکی لە خۆی بکات، ژن لاوازە، ژن ناموسە و هتد...) لە کۆمەڵگای باکوری کوردستاندا تێکبشکێنێ. ئیتر ژن لە شەڕدا پێشەڕەوە و لە ڕاپەڕیندا پێشەنگە و لە سیاسەتیشدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێرێت.
بەو جۆرە ژیانی ژنانی ئەو بەشەی کوردستان چیتر تەنیا بەند نیە بە زاوزێ و کاری نێوماڵ و خزمەتکردنی پیاو ، بەڵکو بووە بە خاوەنی ماف لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.
لەوانەیە زێدەڕۆیی نەبێت کاتێ مرۆڤ بڵێ نواندنی قارەمانێتی و خۆبەختکردن و ئەو ئاستە بەرزەی وشیاریەی کە ژنانی باکوری کوردستان بە دەستیهێناوە نەک تەنیا بۆ ژنانی کورد، بەڵکو بۆ ژنانی تورک و سەرجەم ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەلەپورێکی گەورەیان پێکەوەناوە و ، لەو بوارەشدا پێشڕەوایەتیان کردووە.
یەکەمین جارە کە پارتی ئازادی ژن و هێزی پاراستنی ژن دادەمەزرێت، ڕێژەی ژنان لە نێو پارتە سیاسیەکان و ئەنجومەنە گشتیەکاندا لە سەدا ٤٠ و دەستەواژەی پۆستی هاوسەرۆکایەتی لەو بەشەی کوردستان داڕێژراوە و یەکەمین ئاژانسی هەواڵی ژنانیش هەر لەو پارچەی وڵات دامەزرا.
بە واتایەکی تر ژنانی ئەو پارچەیەی کوردستان لەم سەدەیەدا مۆری خۆیان لە ژمارەیەک هەنگاوی ڕچەشکێن داوە. بێگومان باسکردن لەو هەنگاوانە بە واتای ئەوە نایەت کە هەموو پرسەکانی ژنان چارەسەر کراون.
ئەمڕۆ شەڕێکی چەپەڵ لەلایەن دەوڵەتی داگیرکاری تورکەوە بەڕێوە دەبرێت و بە تایبەتی لە سەر ژنان و منداڵان چڕکراوەتەوە. هەموو جۆرەکانی تواندنەوە و کۆمەڵکوژی ، کولتوری دەستدرێژیکردنە سەر ژنان و منداڵانی کوردستان ئەنجام دەدرێن. بۆ هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی کۆمەڵگای کوردی پەنا بۆ بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان دەبرێت و برەو بە لەشفرۆشی دەدرێت.
بۆ لاوازکردن و بێکاریگەرکردنی تێکۆشانی ئازادی ژن ، پەنا بۆ هەموو جۆرە ڕیبازێک دەبرێت، لە کوشتنەوە بگرە تا گرتن، ئەشکەنجە، دەستدرێژیکردن و پەروەردەکردن و مێشک شوردن لە خوێندنگا تایبەتیەکاندا ئەمەش سیاسەتی بنەڕەتی دەوڵەتی تورکە.
ئەو دەوڵەتە بە پەنابردنە بەر وروژاندنی سێکس، سەپاندنی هەژاری و شەڕی بێودەسەڵاتی هەوڵ دەدات لە ڕێگای ژنەوە کۆمەڵگای کوردستان لە ناوەرۆکە ڕەسەنەکەی دوور بخاتەوە و ، بە پێی خواست و بەرژەوەندیەکانی خۆی رابهێنێ و دەستەمۆی بکات.
پارتی داد و گەشەپێدان ئاکەپە کە دژایەتی ئازادی ژن دەکات ، دوای گرتنی جڵەوی دەسەڵات بە دەستیەوە بە شێوەکی کراوە و سەرنجراکێشانە برەوی بە هێرشەکانی داوە دژ بە بزووتنەوەی ئازادی ژن ، هەزاران ژنی سیاسەتمەدار و ئەکادیمیسیەنی زیندانی کردووە ، بۆ بەربەستکردنی تێکۆشانی ئازادی ژن پەنای بۆ هەموو ڕیبازێکی فیکری و دەروونی و جەستەیی بردووە و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش دا هەموو شێوازێکی ناوزڕاندن و تیرۆریزەکردن و شێواندنی ئەو تەڤگەرە بەکار دێنێت.
ئەو سیاسەتە فاشستانەی ئاکەپە کە لە سەر بنەمای ئیسلامی سیاسی داڕێژراوە، کاتێک لەگەڵ زهنیەتی دەرەبەگایەتی و دواکەوتوویی و ڕەگەزگەرایی بە یەک دەگەن کە لە کۆمەڵگاکەماندا بوونیان هەیە ، ڕێگا خۆش دەکریت بۆ ئەوەی لە نێو خیزاندا هەموو جۆرەکانی ستەم و ملکەچی بە سەر ژندا بسەپێندرێت.
نزمی ئاستی ڕۆشنبیری و وشیاری ژنان بە شێوەیەکی گشتی لە باکوری کوردستان و کەمی ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی کە داکۆکی لە ژنان دەکەن و بە دوای پرسەکانیاندا دەچن و

قەدەغەکردن و داخستنیان لەلایەن دەوڵەتەوە، دەرهاویشتەکانی سیاسەتی فەرمی و زەهنیەتی ڕەگەزگەرایی ئەو هۆکارانە زەمینە بۆ نەخوێندەواری و هەژاری و دەستەمۆیی و توندوتیژی دەرەخسێنن. سەرئەنجام وا لە ژن دەکرێت کە بە ناچاری ملکەچی دۆخەکە بێت و دەرگا لەبەردەم کوشتن بەناوی ناموس و خۆکوشتنی ژنان بکرێتەوە. بزووتنەوەی ئازادی ژن لە باکوری کوردستانیش چەندین هەڵمەتی دژ بە تاوانەکانی ناموس شۆردنەوە ، چەوساندنەوەی ژنان و نا بۆ کوشتنی ژنانی بەرێوە بردووە.
بێگومان تیشکخستنە سەر پرسەکانی ژن و سەرنجراکێشانە سەر چەوسانەوەی ژنان ئاکامی ئەرێنی لێکەوتۆتەوە، بەڵام بۆ جێگیرکردنی ئەو دەرئەنجامانە، پێویستی بە تێکۆشانێکی بێوچانی گەورە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کولتوری هەیە.

## رەوشی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان

کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان دوا بە دوای شۆرشی ئیسلامی بە جۆرە یاسایەکی ڕەگەزگەرایی بەرێوە دەبرێت کە باڵادەستی پیاو بە سەر ژندا دەسەپێنێ. دەرهاویشتەی پاریزگاری و ئیسلامی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئیران ژنی بێ ئیرادە کردووە. ژن بە پێی سیستەم کێڵگەی پیاوە و چۆنی بیەوێ ئەوها دەکێڵێ. ئەو تێکۆشانەی لە کۆماری مەهاباد بە دواوە بەرێوە براوە کاریگەریەکی ئەوتۆی گەورەی لە سەر کۆمەڵگا نەکردووە و هیچ گۆرانکاریەکی ئەوتۆش لە ژیانی ژندا ئەنجام نەداوە.
هەرچەندە ژنانی کورد لەو بەشەی کوردستان لە ڕێزەکانی پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکاندا کاریان کرد بێت، بەڵام نەیانتوانیوە ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان دابمەزرێنن و ببنە هێزێکی چالاک . بۆیە کاریگەری ئەو ڕێکخراوانە لە وەرچەرخانی کۆمەلایەتی و ڕێکخستنی ئازادی ژندا قەتیس ماوە. لەگەڵ دامەزراندنی پەژاک و ڕێکخراوی یەکێتی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان یەژەرەکە ژنانی ئەو بەشەی کوردستان لە بواری وشیاری ، ڕێکخستنی و چالاکیدا پێشکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێناوە. پەیوەندیکردنی سەدان کچ بە ڕیزەکانی بزووتنەوەی ئازادی و بەشداریکردنیان لە راپەرینەکاندا کلێشە باوەکانی کۆمەڵایەتیان تێکشکاند و ڕێگای ژیانێکی نوێ بۆ ژنانی ڕۆژهەڵات واڵا کرد. قارەمانێتی و بەرخودانی ژنانی وەکو شیرین عەلەمهولی و سەدانی وەکو ئەو لاپەرەیەکی نوێیان لە مێژووی ئەو بەشەی کوردستان هەڵدایەوە.
مەترسی کۆماری ئێران لە شۆرشی ژن بە شێوەیەکی ئاشکرا لە سێدارەدانی شیرین عەلەمهولی بەدەرکەوت.لە ئێران چەمکی ڕەگەزگەرایی پیاوی کورد و چەمکەکانی دەسەڵات یەکیان گرتۆتەوە لە هێرشی سەر ژنان. تا ئێستا چەندین ژن بە ناوی ناموسەوە کوژراون، بەردەباران کراون یان چەوسێنراونەتەوە. لەبەر ئەوەی هەموو دەوروازەیەکی خۆقوتارکردن لەبەردەم ژنان داخراوە بۆیە یان خۆیان دەسوتێنن یان خۆیان دەخنکێنن. لەبەر ئەوەی خۆکوشتن لە ئایینی ئیسلامدا حەرامە ، بۆیە ئەوانەی پەنا دەبەنە بەر ئەو ڕێبازەش بە تاوانبار لەقەڵەم دەدرێن و هیچ بەدواداچونێک لەوبارەیەوە ناکرێت. سەرباری ئەمەش بزووتنەوەکانی ژنان قەدەغەیە و چالاکانی ئەو بوارەش بە لەسێدارەدان سزا دەدرێن، ئەمانە دەبنە بەربەست لەبەردەم پەرەسەندنی تێکۆشانی ئازادی ژن و دامەزراندنی ڕیکخراوەکانی ژنان. بۆیە کێشەکان رۆژ بە رۆژ قوڵتر دەبنەوە و کوشتنی ژنانیش پەرە دەسێنێ.

## ڕەوشی ژن لە باشوری کوردستان

پرسی نەتەوەیی لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە و لە ئاکامی تێکۆشانی دەیان ساڵ و راپەرینەکانی گەلەوە لەو بەشەی کوردستان پێشکەوتنی ئەرێنی بەخۆیەوە بینیوە. بێگومان لە ١٢ساڵی رابردوودا چەندین گۆرانکاری لە بواری کولتوری و کۆمەڵایەتیدا بەدی دەکرێن. لە بواری دامەزراندنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تایبەت بە ژنان هەنگاوی بەرچاو هەڵهێنراوە و گەرِان بە دوای ئازادی دا لە نێو ژناندا زیادی کردووە. بەڵام کاتێک کە مرۆڤ سەیری ئاستی بەشداربوونی ژنان لە سیاسەت و ئابووری و بوارەکانی تری ژیان دەکات، پرسی دیموکراتیزەبوون دەکەوێتە بەرچاو. وێرای ئەوە کە ژنان بە ڕادەیەکی زۆر بەشداریان لە ڕاپەرینەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا کردوە و ژنان رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە تێکۆشانی نەتەوەییدا. جێگای داخە کە بەشداربوونی ژنان لە پەرلەماندا تەنیا لە سەدا ٣٠ ە و تەنیا وەزارەتێک لەلایەنەوە ژنەوە بەرێوە دەبرێت کە پێویستە شیکبکرێتەوە.
بە پێی ئەو ڕاپرسیانەی کە ئەنجام دراون و ئەو ڕووداوانەی کە لە دەزگاکانی راگەیاندنی تیشکیان دەخریتە سەر، دەردەکەوێ لە ماوەی هەر ٢٤ کاژێردا ، ژنێک ڕووبەرووی توندوتیژی پیاو دەکرێتەوە. بێگومان ئەوەش سەرچاوەی خۆی لە زهنیەتی ڕەگەزگەرایی و خێڵەکی وەردەگرێت کە هێشتا لە کۆمەڵگاکەماندا زاڵە. بەشودانی کچان لە تەمەنێکی بچووکدا ، بێبەشکردنیان لە خوێندن، پشتگوێخستنی ئیرادەیان و سوکایەتی پێکردنیان، ناکۆکی لە نێوان کولتوری خێڵەکی و کولتوری مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و کاریگەری لە سەر ژنان ، ئاڵۆزیەکی مەزنی بۆ ژنانی ناوەتەوە.
بە پێی بەدواداچوونەکان بزووتنەوەی ئازادی ژن لە بواری پەرەپێدانی زانستی ڕەگەزی، رێکخستنی و چالاکیەوە لاوازە. هاوکات کەموکورِیەکی زۆر لە بواری دارشتنی ستراتیژی هاوبەش و پرۆژەکانی کۆمەڵایەتیدا بە دی دەکرێت.
ژنانی کورد لەم بەشەی کوردستان رۆڵێکی پێشرەویان گێراوە لە پاراستنی کولتوری نەتەوەییدا ، هەروەها زمانی کوردیشیان لە تواناوە پاراستووە. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بە دەستێوەردانی ئەمەریکا لە ئیراقدا، بە ڕێگای تەلەفزیۆن، هونەر، ئینتەرنێت و هتد، کولتوری رۆژاوا بڵاو دەکرێتەوە و ئەوەش کارێکی وا دەکات کە ژنان و لاوانی کورد لە کولتوری خۆیان دوور بکەنەوە و ڕوو لە کولتوری رۆژاوا بکەن و بە کولتوری خۆیان نامۆ بن. یەکێک لەو پرسە بنەڕەتیانەی کە پێویستە مرۆڤ راوەستە لە سەری بکات مەترسی

ئیسلامی سیاسیە ، لە سالآنی دواییدا ئیسلامی سیاسی بە شێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن هێزەکانی دەرەکیەوە ، لە ناوچەی ڕۆژهەلآتی ناویندا ڕێک دەخرێت و لە کوردستانیشدا بڵاو دەکرێتەوە. ئامانجی ئیسلامی سیاسی ئەوەیە کە بە ناوی ئایینەوە درێژە بە کۆیلایەتیکردنی ژنان بدەن و جارێکی تر ژنان بخەنەوە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتی پیاو و هێزەکانی باڵادەست کە نایانەوێ کولتورێکی ئازاد و دیموکرات پەرە بسێنێت.

ڕووبەڕووبونەوەی لیبرالیزمی نوێ و ئیسلامی سیاسی لە سەر پرسی ژن، کێشەکانی ژنان و لاوان قورستر دەکاتەوە، کارێکی وا دەکات کەسایەتی دابەش ببێت و لە وشیاری ئازادی دوور بکەوێتەوە. بۆیە چەندە تێکۆشان بۆ دیموکراتیزەکردنی کولتوری خێڵەکی و باوکسالاری پێویستە ، ئەوەندەش تێکۆشان بۆ پشتگوێخستنی کولتوری ڕۆژاوا و شەپۆلی ئیسلامی سیاسی پێویستە.

## بارودۆخی ژنان لە ڕۆژئاوای کوردستان:

ئەو بەشەی کوردستان لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی و دامەزراندنی دەولەتی سوریا بە تایبەتی لەم سەردەمی ڕژێمی بەعسەوە ، بە شێوەیەکی زۆر چڕ و پڕ ڕووبەڕووی قڕکردنی کلتوری و نکۆڵیکردن بۆتەوە . ئەو پارتە بە سیاسەت و ڕێبازی جودا و دەستورێک لە لایەن خۆیەوە داڕێژراوە ، ژنانی لە دەرەوەی هەموو بوار و مەیدانەکان هیشتۆتەوە . بەلام لەبەرامبەر ئەوەدا ، هەرچەندە تەڤگەر و پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ، لە دەستپێکەوە تا ئەمڕۆ لە پەیرە و پرۆگرامی خۆیان دا جێیەکیان بە پرسەکانی ژن دابێ ، بەلام لە بواری کردەیی دا هیچ گۆرانکاریەکی بەرچاویان ئەنجام نەداوە. ئەگەر ئەمرۆش لە ئەنجومەنی نیشتمانی دا ژمارەیەکی کەم ژن هەن ، ئەوا دەرنجامی هەمان ڕەوشی رابردووە. لە ڕۆژئاوای کوردستان هەموو شتەکان لە چوارچێوەوە و سۆنگەی سیستەمی بەعسەوە قۆرخ کراون و داگیرکراون ، بە تەنها لە چوارچێوەی سیستەمی ماڵ و خێزان ماوەتەوە. بۆیە هەم ژن و هەم پیاویش لە ناو ئەو سیستەمە دواکەوتووە دا لە نێو ئالۆزیەکی مەزن دا دەژین. هەر بۆیە ئیدی بنەماڵە و خێزان هەم ناسنامەیە ، هەم پەناگە و هەمیش شوێنی خۆ پاراستنە. هەر لەبەر ئەوەشە بنەماڵە و خێزان پیرۆز دەبینرێن. بۆ ئەوەی هەڵنەوەشێت لە هەموو شیوازێکی کۆیلایەتی و دەسەڵات دادەماڵرێت. وابەستەیی ژن و مێرد بە سیستەمی بنەماڵەوە بۆتە ئاستەنگێک لە بەردەم دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە . پاش دەرکەوتنی بزوتنەوەی ئازادی کوردستان و شۆڕشی باکوری کوردستان کاریگەریەکی مەزنی لە ڕۆژئاوای کوردستانیش کرد . بەشداری هەزاران ژن لە ڕیزەکانی شۆرش دا ، بەشداری دەیان هەزار ژن لە کاری سیاسی دا ئیدی هەڵوێستی ڕەگەزگەرایانەی هەژاند و زۆر قەدەخە لە بوارەکانی ژیان دا لە سەر ژن لابران . ئەمرۆش ئەگەر لە هەموو ئەنجومەنەکانی تەڤگەری دیموکراتی ڕۆژئاوای کوردستان تەڤ-دەم دا لە سەدا ٤٠ یان ژنن ئەوا ئەنجامی تێکۆشانێکە کە ژنان سالانێکە بەرێوەیان بردووە. بە بەشداری لە ڕیزەکانی گەریلا دا ، بە هێندەی پیشکەوتنی ڕۆحی نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستانیش دا ، بە هێندەش ژنانی ئەو بەشە بە هێزی خۆباوەڕی درکیان بە کۆیلایەتی خۆیان کرد و ئاستێکی بالای زانستی ئازادیان ئافراند. لە زهنیەتی ڕەگەزگەرا دا وەرچەرخانێکی مەزنیان دروست کرد ، لەبەر ئەوەی کە حکومەتی بەعسی سوری ئەو پیشکەوتنەی ژنانی وەک مەترسی بۆ سەرخۆی دەبینی . بە هەموو شێواز و توانایەوە لە دژی بزوتنەوەی ئازادی ژنان دا چوو و بە شێوەیەکی زۆر فاشیستیانە دەیان سیاسەتمەداری ژن و ولاتپاریزی دەستگیر کرد و ڕەوانەی زیندان کرد. لەم دواییانەش دا وەک بەردەوامی سیاسەتی ئاکەپە لە ڕۆژئاوای کوردستانیش بە هەموو شێوەیەک کردەوەی نائەخلاقی بەدرەوشتانە لە ڕۆژئاوای کوردستان بەرێوەبران. لە ڕێی دۆبلاژکردنی فیلمی تورکی ، بەرێی تورە نهێنیەکان و لەشفرۆشی و بە سیاسەتی برسیکردن هەوڵ درا گورز لە کۆمەلگەی کوردەواری بدرێت.لەو بەشەی کوردستان دا ، بەتایبەتی لەم سالآنەی دوایی دا دیاردەکانی خۆکوشتن ، لەشفرۆشی کە ئامانج ژنانە ، بە شێوەیەکی مەترسیدار پەرەی سەندوە و ئەوەش ئەو دەسەپێنێت کە بەشیوەیەکی خێرا و بەپەلە بزوتنەوەی ئازادی ژن گوڕ بە تێکۆشانی بدات و ئەو هەل و دەرفەتەی ئیستاکە هاتۆتە ئارا بە باشی بەکاری بهێنێ.

## بارودۆخی ژنانی کورد لە ئەوروپا :

نزیکەی ملیۆنێک کورد لە ئەوروپا دەژین زۆربەیان خەڵکی باکوری کوردستانن ، دواتر خەڵکی باشور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای کوردستانن . کۆچبەری یەکەمی کوردان بۆ ئەوروپا لە دەیەی 60 ی سەدەی رابردوو دا دەستی پێ کرد ، ئەویش بەهۆی هەژاری و سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان بەتایبەتی سیاسەتی دەیان ساڵەی هێرش و نەژادپەرستانەی دەولەتی تورک لە باکوری کوردستان دەستی پێ کرد. لەوێ ئیدی سیستەمی نەریتیانەی بنەماڵەی دەرەبەگی کورد خۆی لە بەرامبەر کلتوری ڕۆژئاوا دا پێڕاناگیرێت و بەرەو هەڵوەشان دەچیت. بۆیە ڕوداوەکانی دابڕن و دەستبەردان لە بنەماڵەکان دا زیاد بوون و ئەوەش دەبنە هۆکاری هاتنە ئارای ئاڵۆزی و کێشەی مەزن. هەروەها لە بەر ئەوەی کە ژن وەک رابردوو دەسەلاتداری پیاو و کۆمەڵگە قبوڵ ناکات و پیاویش دەست لە دەسەلاتداری و پیاوسالاری هەڵناگرێت کێشەکانی خێزان و بنەماڵەکانی کورد لە ئەوروپا قوڵ دەبنەوە. کاریگەری کلتوری ڕۆژئاوا و چاند و زمانی جودا کە بنەمالەکان و لاوان بەتایبەتی ڕوبەڕووی دەبنەوە ئافرێنەری ناکۆکین لە نیوان منداڵان و دایک و باوکان دا . پاش ئەوەی کە قەیرانی ئابوری لە ئەوروپا دەستی پێ کرد ، ئیدی گرفتەکانی نێو بنەماڵە کوردەکانیش قوڵتر بوونەوە و زۆر گەنجیش بەهۆی قەیرانەکە و چاندی ڕۆژئاوا ئیدی لە پێودانگە ئەخلاقی و نەریتەکانی کوردەواری دور کەوتنەوە و ئەوەش ڕێی لەبەردەم خۆکوشتن و کوشتن لە ژێر ناوی ناموس دا کردوە و بە شێویەک تەنها لە ماوەی سالێک 4 ژن لە ئەوروپا کوژران. ئەو ژنانەی کە لەنێو تێکۆشانی ئازادی دا بەشدارن سیستەمیان بۆ ڕوون بۆتەوە و ، کێشەکانیان کەمتر.

لەم سالانەی دوییەدا بە پێی نەوەی یەکەم و دووەم ، نەوەی سێیەمی کوردانی تاراوگە دەخوێنن و ، لە زۆر بواردا چالاکن ، پەیوەست بەوەشەوە ڕۆلی ژنانی کورد لە سیاسەت و دیبلۆماسی دا لە نێو ژنانی چەپ و دیموکراتی ئەوروپی کاریگەری هەیە و چونی ژنانی کورد بۆ نێو پەرلەمان ئەو راستیە باشتر دەسەلمێنێ.

## دۆخی ژن لە ڕوسیا و ئەرمەنستان

تا ساڵانی ٩٠ کان زۆربەی کوردەکان لە ئەرمەنستان و کازاخستان دەمان ، بۆ ئەوەی کورد نەبنە هێز ، ستالین کۆچبەری کردن . هەرچەندە دەرفەتەکانی خوێندن ئازادیش بێ بەلام ئەنجامی داخراوی و لە ژێر ناوی پاراستنی زمان و بەهاکانیان دا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان نەخوێندەوارن ، بۆ پێشخستنی کەلتور و هونەری کوردی ژنانی کورد لە وڵاتانەدا لە پاراستنی زمانی کوردی دا ڕۆلێکی مەزنیان بینی و پێشەنگایەتیان کردووە ڕادیۆی یەریڤان نمونەیەکی سەرنج ڕاکێشە ، دوای ساڵانی ٩٠ کان بەدواوە لە ئەنجامی بێ کاری گەلی کورد لە گوندەکانەوە کۆچبەری شارە گەورەکان بوون. دوای ئەو قۆناغە ژنان بێ ڕۆڵ و بێ کار مان و کەوتنە ژێر کاریگەری کەلتوری سەرمایەداریەوە . لە ئەنجامی کاریگەری کەلتوری بیانی لەسەر پیاوی کورد بووە هۆی ئەوەی ژن وەک ئامێری تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانی ببینێ و بەکاری بێنێ . پیاو لەڕووی ئەخلاقیەوە و بەتایبەتی لە شارەکان دا کەوتنە دۆخێکی دارِمانەوە . ژنیش بەهۆی پرسەکانی زمان و بێ کاریەوە بووە وابەستەی پیاو بوو و مەحکومی چوار دیواری ماڵ کرا.
وەک کۆما ژنانی بڵند کەژەبە خۆ لە ئاست ئەو دۆخە بەرپرسیار دەبینین لەبەرئەوەی کە نە پیاو و نە دەوڵەتانی داگیرکەر نابێتە پاساوێک بۆ ڕوون کردنەوە ئەو دۆخەی ژنی کوردی تێدایە . هەرچەندە لە ڕووی ئایدۆلۆژی ، ڕێکخستنی و چالاکی دا ڕەنجێکی مەزنیش درابێ بەلام ناتوانین نەکراوە کە بەربەستێک لەبەردەم کەلتوری دەستدرێژی دانرێ و ئاستی پێویست بە دەست نەخراوە. چەند هێرشی زهنیەتی دەستەڵاتداری پیاو و هێزەکانی داگیرکەری مەزنیش بێ ، گەر ژنان وشیار بن ، ڕێکخراوە و چالاک بن هیچ هێزێک ناتوانێ لە بەرامبەری ڕاوەستێ ، لەسەر ئەو بنەمایە وەک کەژەبە ( کۆما ژنانی بڵند ) ڕەنج و هەوڵی ئێمە بۆ ئەوەیە ، بە بڕیار و پێداگریەکی مەزنەوە پەرە بە تێکۆشان بدەین.

## ڕێ و ڕێبازەکانی چارەسەر کردنی پرسەکانی ئازادی ژن لە هەر چوار بەشی کوردستان:

کاتێ لە دۆخی ژنان بڕوانین لە چوار بەشی کوردستان بە ڕاشکاوانە بابەتگەلێکی هاوبەش دەکەونە ڕوو ، گەر جیاوازی لە هەندێ مەسەلەش دا هەبن ، بەلام لە بنەڕەت دا زۆر لەیەک جودا نین . لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێ وەها ڕێبازە گشتیەکانی تێکۆشانی ئازادی دەستنیشان بکرێ:

## کاروباری ئایدۆلۆژی :

* ئازادی بۆ ئەو کەسانەیە کە لە درککردن بە کۆیلایەتی خۆیان دا لەبەرئەوەی کە کەسێکی لە درکی کۆیلایەتی خۆی دا نەبێ ئازادی بۆی نابێتە دۆزێک ، بەهێندەی ئەوەی کە ژن و پیاو ئاستی زانستی و هێزی واتادارکردن لە کەسایەتیان دا پەرەپێبدەن ،بە هێندەش دەتوانن ئازاد ببن . بۆ ئەوەشە پێشخستنی کاروباری پەروەردە بە ڕێی ( ئاکادیمیای ژن ، خانەکانی پەروەردەی ژنان ، سیمینار ، پەرەدان بە پەروەردەکردنی پیاوان ، بەکارهێنانی چاپەمەنی وەک گۆڤار ، ڕۆژنامە و هت ) پێویستیەکی سەرەکیە.
* لە بەرامبەر هەموو کەرەستە و ڕێبازەکانی ئایدۆلۆژی باوکسالاری وەک پەرەدان بە تێکۆشان بە ڕێی ( پرۆگرامەکانی پەروەردەی خوێندنگەکان ، تیڤی ، ڕادیۆ ، هونەر ، وەرزش ).
* بۆ ئەوەی بە دید و بۆچوونی ژن هەموو بوارەکانی ژیان شیبکەینەوە و پێناسە بکەین لە هەمان کات دا بۆ ئەوەی کە زهنیەتی باوکسالاری لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان وەلاوەنێین پێویست بە پەرەدان بە زانستی ژنە . لە ناوەند و ئاکادیمیاکانی دا پێشخستنی ژنۆلۆژی بۆ ئازادی کۆمەڵگە مەرجێکی سەرەکیە.
* لە بەرامبەر هێلی نیولیبرالیزم و ئیسلامی سیاسی پەرە بە زانستی کۆمەڵایەتی بدرێ.
* بۆ ئەوەی کە ژن خۆی لە هەمو جۆرە تەڵەیەکی ئایدۆلۆژی پیاو وەک ( ڕەگەزگەرایی ، نەژادگەرایی ، ئایینگەرایی و زانستگەرایی ) ڕزگار بکات ، پێویستی بە بونیادنانی ئاکادیمیاکانی ئایدۆلۆژی ، کەلتوری و کۆمەڵایەتی هاوبەش هەیە.

## کاروباری ڕێکخستنی

* بۆ ئەوەی تێکۆشانێکی مەزن بەڕیوەببرێ پێویستی بە ڕێکخراوەبونێکی مەزن هەیە ، یەکێتی لە نێو ژنان دا مەرجێکی سەرەکی سەرکەوتنە . هەرچەندە بابەتی جیاوازیش هەبن بەلام بەشێوەیەکی ڕێکخستنی و تێکۆشانی هاوبەش مەلەسەیەکی ژیانیە . دەبێ ڕێکخراوەکانی ژنان لە هەر بەشێک دا لە نێو خۆی دا هاوبەشانە هەلسوکەوت بکەن و لەگەڵ پارچەکانی تر دا لە نێو دیالۆگ و هاوکاری دا بن و خۆیان بگەیەننە ڕێکخراوەگەلێکی هاوبەش ، دەستپێشخەری هاوبەش سازبکەن و خۆیان بگەیەننە ئاستی ڕێکخراوەبوونێکی هاوبەش ، ئەوەش دەبێتە مایەی هاتنە ئاراوەی ئەنجامی بەپەلە و بەهێز.
* لە هەموو بەشەکان دا لە نێو ڕێکخراوە گشتیەکان دا پەرە بە ڕێکخستنی خۆسەری ژنان بدرێ.
* بە هێندەی بایەخی یەکێتی ڕێکخستنی ژنانی کورد پەوەیوندی کردن بە ژنانی عەرەب ، فارس ، تورک ، ئەرمەنی و ئاسوریەوە و پێکەوە جموجوڵ کردن مەسەلەیەکی بنەڕەتیە لە تێکۆشانی ئازادی ژن دا.
* دەبێ پێکەوە کاردنی ژنان نەکرێتە قوربانی بەرژەوەندی پارتە سیاسیەکان ، مەزهەب ، ئاین و کەسایەتی.
* لە دژی هەژاری پەرە بە هاوکار و هەرەوەزیەکان ( کۆپەراتیڤەکان ) ی ژنان بدرێ.
* لە بەرامبەر کەلتوری دەستدرێژی و زهنیەتی رەگەزگەرایی ناوەندەکانی کەلتوری ژنان بکرێتەوە.

* لە دژی بە هاوسەرگیری زۆرەملێی لە تەمەنی بچوک دا ، پارک و جێی پەروەردەی کچان بکرێتەوە.

* لەسەر بنەمای داخوازی هاوبەش تێکۆشان لە پێناوی گۆرانکاری و وەرچەرخان دا مەسەلەیەکی دەست لێبەرنەدراوە.

* بونیادنانی کۆمسیۆنی هاوبەشی لێکۆڵینەوە وەک نمونە ( لێکۆڵینەوە لەسەر خۆکوشتنی ژنان ، تاوانەکان لە ژێر ناوی ناموس ، خەتەنەکردنی کچان ) و ئەنجامەکانی بۆ ڕای گشطی ئاشکرا بکرێ.

* لە بەرامبەر هەموو جۆرە هێرشێک ، ڕێکخستنی بواری بەرگری لە خۆکردن .

## کاروباری چالاکی

* دەبێ چالاکیەکانمان بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە بێ.

* پەرەدان بە چالاکی لەبەرمبەر ئەو توند و تیژیەی لە سەر ژنی کورد پەیڕەو دەکرێ.

* بۆ ئەوەی لە هەموو دەزگا ، ڕێکخراوە ، ئەنجومەنەکان و پەرلەمان و هتد.. کۆتای هەردوو ڕەگەز بکرێتە ٤٠% پەرە بە کاروباری هاوبەش و کەمپەینی هاوبەش بدرێ.

* پەرە بە هەڵمەتی کورتخایەن و درێژخایەن بدرێ لەسەر بابەتی جیاواز.

* پەرە بە چالاکی و کەمپەین بدرێ لە دژی سەنگەسار و سێدارەی ژنان بدرێ کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان پەیڕەو دەکرێ.

* پەرە بە چالاکی و کەمپەین بدرێ لە دژی هاوسەرگیری بەزۆرەملێی لە تەمەنی بچوک دا.

* لەدژی تاوانی بەناوی ناموسەوە پەرە بە چالاکی بدرێ.

* پەرە بە چالاکی بدرێ بە ئازاد کردنی ئەو ژنە کوردانەی کە بەهۆکاری جیاواز دەستگیر کراون.

* لە دژی خۆکوشتنی ژنان لە هەر بەشێک د پەرە بەچالاکی هاوبەش بدرێ.

* لە بەرامبەر دیاردەی لەشفرۆشی و بێ ئەخلاقی پەرە بە چالاکی بدرێ.

* بۆ ئەوەی زمانی کوردی ببێتە زمانی پەروردە پەرە بە چالاکی بدرێ.

* ڕۆژانی تایبەت بە ژنان پەرە بە پلانسازی و چالاکی هاوبەش بدرێ.

* ڕۆژانی ٩ بۆ ١١ ی گولان وەک ڕۆژی شەهیدبوونی لەیلا قاسم و شیرین عەلەم هولی لە ئاستێکی نەتەوەیی دا لێ بڕوانرێ و پێشوازی لێ بکرێ.

* بۆ گۆڕینی ئەو دەستور و یاسایانەی کە بە زهنیەتی ڕەگەزگەرایی دارێژراوە پەرە بە تێکۆشان بدرێ.

* لە بەرامبەری دەستریژی و هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجە پەرە بە چالاکی بدرێ.


* بۆ ئازاد کردنی ئەو مندالە کوردانەی کە لە زیندانەکانی تورکیان پەرە بە چالاکی و هەڵمەتی جۆربەجۆر بدرێ.

لە کۆتایی دا دەکرێ بگوترێ ئەو ئاستەی ژنانی کورد ئەمرۆ پێی گەیشتووە وێرای هەموو کەموکوڕیەکان ئاستێکە کە مایەی شانازیە . ژنانی کورد لە سەردەمی خوداوەندەکانەوە بگرە و تا زەریفە و لەیلا قاسم ، لە زیلانەکانەوە بگرە تا شیلانەکان ، لە ڤیانەکانەوە بگرە تا شیرین عەلەمهولیەکان بۆ ئازادی نەتەوەیی و ، ئازادی ژن داستانی قارەمانێتیان تۆمارکردووە. خۆشەویستی بۆ ولات و پەرۆشی بۆ ئازادی لە هەموو شۆرشەکان دا نیشان داوە و تا ئیستاش خاوەن هەمان هەلوێستە . بەلام بۆ ئەوەی ژنانی کورد ئەو داستانانە بکەنە دەسکەوتی هەمیشەیی پێویستی بە تێکۆشانێکی هاوبەش هەیە. ژنانی کورد ئەمرۆ وشیار و هێزی بزوێنەرن . ئەو ئاستەی ژنی کورد کە لە ڕووی زانستی ، ڕێکخستنی و چالاکی دا بە دەستی هێناوە نەک تەنیا بۆ چارەسەر کردنی پرسەکانی ژن و کۆمەلگەی کوردستان بەڵکو بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوین ئاسۆیەکی نوێ دەکاتەوە. ڕەنج و میراسی چەندین ساڵە ، شەهیدانی ژن و قوربانیەکانی ئازادی ، هیوا و داخوازیەکانی ژنانی کورد بۆ ئازادی ڕووبەرووی بەرپرسیارێتی مێژووییمان دەکاتەوە. باشترین وەڵام بۆ هەموو ئەوانە خۆگەیاندنە ستراستیژیەکی هاوبەش و ، بونیادنانی یەکێتیەکە لەسەر بنەمای پرەنیسپەکانی ئازادی و دیموکراسی لە ناو ژنانی کورد دا. لە هەمان کات دا پێشەنگی کردنە بۆ یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی ، لە باوەڕەداین هەر ژنێکی ئازادیخوازی ئامادە و نە ئامادە دەکرێ ئەو بەرپرسیارێتیە لە ئەستۆ بگرێ. مێژووی گەلەکەمان و هیواکانی ژنانی کورد بۆ ئازادی ئێمە بانگی گفتوگۆیەکی ڕاست و بڕیاردارانە دەکات ، هیوای بێ سنورمان هەیە کە هەموو کەسێک بەو ئاگایی و جدیەتەوە هەلسوکەوت بکات. لە کۆتایی دا سڵاو لە هەموو ژنانی بەشدار و هیوایان سەرکەوتن دەخوازین

سڵاو و ڕێز

کۆردیناسیۆنی کۆما ژنانی بلند کەژەبە

سەرچاوە : ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ / ڕێکەوتی : ١٤ی مای ٢٠١٢




## ڕەزبەر ٢٧١٣ Rezber

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ١ 23 | ٢ 24 | ٣ 25 | ٤ 26 | ٥ 27 |
| ٦ 28 | ٧ 29 | ٨ 30 | ٩ Octo 1 | ١٠ 2 | ١١ 3 | ١٢ 4 |
| ١٣ 5 | ١٤ 6 | ١٥ 7 | ١٦ 8 | ١٧ 9 | ١٨ 10 | ١٩ 11 |
| ٢٠ 12 | ٢١ 13 | ٢٢ 14 | ٢٣ 15 | ٢٤ 16 | ٢٥ 17 | ٢٦ 18 |
| ٢٧ 19 | ٢٨ 20 | ٢٩ 21 | ٣٠ 22 | | | |
| | | | | | | ڕەحمان نەقشی |

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە. لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی : ڕەحمان نەقشی

r_ neqsi@yahoo.ca